گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
Vol. 8, No. 4, pp. 528–543, December -2020
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2664-4673
e-ISSN: 2664-4681
journals.uoz.edu.krd

# بەریەککەوتنی شێوەزارەکانی زاری کرمانجیی ناوەڕاست لەشاری کۆیەدا

دەریا سابیر حەمەد* و شادان شوکر سابیر

بەشی کوردی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێما کوردستانێ - عێراق.

وەرگرتن: 2020/10 پەسەندکرن: 2020/11 بەلاڤکرن: 2020/12 https://doi.org/10.26436/hjuoz.2020.8.4.644

## پۆختە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (بەریەککەوتنی شێوەزارەکانی زاری کرمانجیی ناوەڕاست لە شاری کۆیەدا)یە، هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەم ناونیشان و بابەتە کارێکی تازەیە و کاری کەم لەسەر کراوە، ئێمە دەمانەوێت لەم توێژینەوەیەدا ئەم دیاردە زمانییە ڕونبکەینەوە، واتە ئامانجمان لەم توێژینەوەیە ئەوەیە، ئەو بەریەککەوتنانە بخەینەڕوو، کە لە نێوان شێوەزاری کۆیە و شێوەزارەکانی تری کرمانجیی ناوەڕاست ڕوودەدات، چونکە بەهۆی هەڵکەوتی جوگرافیای شاری کۆیەوە بە ڕونی ئەم دیاردە زمانییە لەشاری کۆیە هەستی پێدەکرێت، ڕێبازی توێژینەوەکەشمان، ڕێبازێکی وەسفی شیکارییە، کەرەستەی توێژینەوەکە بریتییە لە وشە و دەستەواژە و ڕستەی ئاخێوەرانی ناوچەی توێژینەوە، ناوەڕۆکی توێژینەوەکە لە پێشەکییەك و سێ بەش پێکهاتووە لە بەشی یەکەمدا باسمان لە زمان و زار، چەمك و پێناسەی شێوەزار، زارەکانی زمانی کوردی، چەمك و پێناسە و جۆرەکانی بەریەککەوتن کردووە، بەشی دووەمیشمان تایبەت کردووە بەوەی کەوا بۆچی شاری کۆیە وەك نمونە وەرگیراوە، هەروەها ئەو هۆکارانەشمان ڕونکردۆتەوە کە بونەتە هۆی بەریەککەوتنی شێوەزارەکان لە ناوچەی توێژینەوە، لە بەشی سێیەمدا بەشێوازی پراکتیکی نمونەمان هێناوەتەوە و بەریەککەوتنی شێوەزارەکانمان لە چوارچێوەی نمونەکاندا خستۆتەڕو، لە ئاستەکانی دەنگسازی و مۆرفۆلۆجی و فەرهەنگ و ڕستەسازی دا، لە کۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕو.

**پەیڤێن سەرەکی**: زمان، زار، شێوەزار، بەریەککەوتنی شێوەزارەکان، جۆرەکانی بەریەککەوتن.

## پێشەکی

### ناونیشانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (بەریەککەوتنی شێوەزارەکانی زاری کرمانجیی ناوەڕاست لە شاری کۆیەدا)یە.

### هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەم ناونیشان و بابەتە کارێکی تازەیە و کاری کەم لەسەر کراوە، ئێمە دەمانەوێت لەم توێژینەوەیەدا ئەم دیاردە زمانییە ڕونبکەینەوە، چونکە بەهۆی هەڵکەوتی جوگرافیای شاری کۆیەوە بە ڕونی ئەم دیاردە زمانییە لەشاری کۆیە هەستی پێدەکرێت.

### کەرەستە و ڕێبازی توێژینەوەکە:

ڕێبازی توێژینەوەکە، ڕێبازێکی وەسفی شیکارییە. کەرەستەی توێژینەوەکە بریتییە لە وشە و دەستەواژە و ڕستەی ئاخێوەرانی ناوچەی توێژینەوە.

### پرسیار و گریمانەی توێژینەوەکە:

مەبەستی نوسینی توێژینەوەکەی ئێمە لەم پرسیارانەوە سەریهەڵداوە، کە بۆچی شاری کۆیە وەکو چەقی بەریەککەوتنی شێوەزارەکانی زاری کرمانجیی ناوەڕاست هەڵبژێردراوە؟ هەروەها کاریگەری کام شێوەزاری زاری کرمانجیی ناوەڕاست زیاترە لەسەر شێوەزاری کۆیە؟ یان شێوەزاری کۆیە کاریگەری بەسەر کام لە شێوەزارەکانی زاری کرمانجیی ناوەڕاستەوە هەیە؟

### گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە:

هەرچەندە خەڵکی شاری کۆیە گرنگییەکی تایبەت بە زمانی نوسین و خوێندن دەدەن و لە ئاخاوتنی ڕۆژانەشیاندا شێوەیەکی تایبەتی خۆیان هەیە، بەڵام پێویستە ئەوەش بزانین کەوا لە دنیادا زمانێکی تەواو پاراو نییە کە تەنیا بە وشە و زاراوەکانی خۆی ئەرکەکانی جێبەجێ بکات، بۆیە بەریەککەوتن لەنێوان زمانەکان ڕوودەدات و سود لە یەکتری وەردەگرن، بەهەمان شێوەش ئەو بەریەککەوتنە لە نێوان زار و شێوەزارەکان ڕوودەدات، ئێمە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین ئەم دیاردەیە لە ناوچەی توێژینەوە بخەینەڕوو. واتە ئامانجمان لەم توێژینەوەیە ئەوەیە، ئەو بەریەککەوتنانە بخەینەڕوو، کە لە نێوان

---

* فەکولەرێ بەرپرس.

شێوەزاری کۆیە و شێوەزارەکانی تری کرمانجیی ناوەڕاست ڕودەدات.

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە :**

توێژینەوەکە لە پێشەکییەك و سێ بەش پێکهاتووە لە بەشی یەکەمدا باسمان لە زمان و زار، چەمك و پێناسەی شێوەزار، زارەکانی زمانی کوردی، چەمك و پێناسە و جۆرەکانی بەریەککەوتن کردووە، لە بەشی دووەمیشمان تایبەت کردووە بەوەی کەوا بۆچی شاری کۆیە وەك نمونە وەرگیراوە، هەروەها ئەو هۆکارانەشمان ڕونکردۆتەوە کە بونەتە هۆی بەریەککەوتنی شێوەزارەکان لە ناوچەی توێژینەوە، لە بەشی سێیەمدا بەشێوازی پراکتیکی نمونەمان هێناوەتەوە و بەریەککەوتنی شێوەزارەکانمان لە چوارچێوەی نمونەکاندا خستۆتەڕو، لە ئاستەکانی دەنگسازی و مۆرفۆلۆجی و فەرهەنگ و ڕستەسازی دا، لە کۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕو.

## بەشی یەکەم

### 1.1. پێناسەی زمان و زار:

**زمان :**

ئاشکرایە کە زمان دەورێکی یەکجار باڵا لە ژیانی مرۆڤدا دەبینێ، واتە زمان بڕبڕەی پشتی کۆمەڵگایە بۆ لەیەکترگەیشتن و ڕاپەڕاندنی کارەکانی، بۆ هەر لایەك دەچیت بە هەر لایەکدا دەڕوانین دەبینین زمان لەبەردەست و دەمایە و بۆتە بەشێکی وا لە مرۆڤ کە هەرگیز لێی جیانابێتەوە، زمان چۆتە بیرەوە لەگەڵ خەوی مرۆڤ تێکەڵ بووە و تەنانەت پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ خەڵکی تر و دەوروبەریدا دیاری دەکات، چونکە بێ زمان بەکارهێنان هاریکاری و هەرەوەزی، کە بەردی بناغەی کۆمەڵە، پێکنایەت، دیسان بێ بوونی زمان شارستانیەت بەردەوام نابێت، چونکە زمان تاکە ڕێگەیە بۆ پاراستن و گەیاندنی کەلتور و زانیاری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر (فەتاح، ٢٠١١، ٩)، هەروەها هەر کۆمەڵگایەکیش زمان و زاراوەی تایبەت بەخۆی هەیە، زمانی هەر میللەتێك بەسەر چەند شێوەزارێکدا دابەش دەبێت، بەتایبەتی زمانی کوردی، کە یەکێکە لەو زمانانەی بۆ چەند زار و شێوەزاێك دابەش بووە، هەر یەکێك لەو زار و شێوەزارانە تایبەتمەندی خۆیان هەیە و جیاوازن لەگەڵ یەکتری.

زمانیش پەیوەندی بە چەندین زانستی جۆراوجۆرەوە هەیە، بۆیە چەندین پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگ بێت تێڕوانینی زمانەوانە کۆمەڵایەتییەکانە بۆ زمان، چونکە کاتێك توێژینەوە لەبارەی زمان و زاری چینەکانی کۆمەڵ دەکەین، چوارچێوەی توێژینەوەکە دەبێتە زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، کە زمانەوانە کۆمەڵایەتییەکان وا پێناسەی زمان دەکەن و دەڵێن: ((زمان کۆمەڵە شێوازێکی جیایە، هەریەکەیان بۆ بارێکی تایبەتی دەست دەدات))، (فەتاح، ١١، ٢٠١١) .

زمان هۆکارێکە بۆ لەیەکترگەیشتن و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا، (تەنیا کەرەستەی ناردن و وەرگرتن و لێکتێگەیشتنی پەیامی نێوان مرۆڤەکان نییە، بەڵکو لەگەڵ ئەوانەشدا زمان بۆ هەر شوێنێك و دەقێك کەرەستەی ناسین و ناساندنی تاك و کۆیە. هەروەها ڕەنگدانەوەی کەلتور و بەهاکانی کۆمەڵ و هۆکاری مانەوەی ئەم کەلتور و بەهایانەشە. زمان و بیرکردنەوە و کردەوەکانی مرۆڤ هەمیشە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا لە نزیکەوە گرێدراوی یەکتر بوون و دەبن)، (نۆردنستام ، ٢٠٠٩، 8) .

زار :

دەربارەی زاریش بە چەندین شێوە پێناسەی کراوە، ئێمە لێرەدا بەکورتی چەند پێناسەیەك دەخەینە ڕوو:

زار کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی زمانییە، سەر بە ژینگەیەکی تایبەتە و هەموو تاکەکانی ئەو ژینگەیە بەشدارن لەو تایبەتمەندییانەدا، زار، جۆرێکە لە زمان لە لایەن گروپێکی دیاریکراو لە کۆمەڵدا بەکاردەهێندرێت، کە خاوەن وشەی فەرهەنگی و دەستور و دەربڕینی تایبەت بە خۆیەتی و جیاوازە لە گروپەکانی دیکەی هەمان کۆمەڵ، زمانی ئەم گروپە یان ڕادەی لێکچونی زۆرە لەگەڵ زمانی ستاندارد و پێوەری یا بە پێچەوانەوە (ئەحمەد، ٢٠٠٩، 13). یان دەگوترێت ((زار بەو شێوە زمانە دەوترێت، کە کۆمەڵە کەسێك لە شوێنێکدا بەکاری دێنن و هاوزمانەکانیشیان تێیان دەگەن))، (فەتاح، ٢٠١١، 109)، یان ((دیالێکت بوارێکی تەسکتر و پانتاییەکی سنورداری ئەندامانی ئەو نەتەوەیە دەگرێتەوە، کە بە زمانە گشتییەکە قسە دەکەن))، (عەلی و ئەمین، ٢٠٠٦، 13)، هەروەها زار زاراوەیەکە بۆ جۆرەکانی ئاخاوتنی هەرێمی (ناوچەیی) و هەروەها جۆرەکانی ئاخاوتنی چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان بەکاردێت.(Wikipedia/Dialect (15/8/2008, 16:19)

لەم پێناسانەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە زار بریتییە لە شێوەی جیاوازی قسەکردن لە سنوری یەك زماندا، کە دەبێتە ناسنامەی ناسینەوەی قسەکەر، زمان سنورێکی جوگرافی فراوان دەگرێتەوە، بەڵام زار ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو دەگرێتەوە، واتە زمان کۆی هەموو ئەم جیاوازییانە دەگرێتەوە کە لە زارەکاندا هەیە.

زمانی کوردیش وەك هەر زمانێکی زیندو لە کۆمەڵێك زار و شێوەزار پێکهاتووە، (هەر زمانێك لە شێوەی چەند زارێکدا دەردەکەوێت، هیچ زمانێك بەبێ زار نییە، قسەپێکەران لە سنوری جوگرافی فراواندا بڵاودەبنەوە، بێگومان کات و شوێنیش کاریگەرییان لەسەر زمان دەبێت، بۆیە لێرەدا زارەکان سەرهەڵدەدەن)، (الخولی، ٢٠٠٠، ١٨)، لە هەموو زمانانی جیهانیش لەپاڵ زاری سەرەکی شێوەزاریش دەبینرێت، هەر ناوچەیەك لەگەڵ ناوچەیەکی تردا شێوازێکی

ئاخاوتنی جیای هەیە، بەجۆرێك هەندێ وشە و زاراوە لە ناوچەیەکی دیاریکراودا بەکاردێت، بەبێ ئەوەی لە ناوچەیەکی تر بەکاربێت، بۆ نمونە لە ناوچەی هەولێر بە ڕەگەزی مێ، پێش ئەوەی شو بکات دەڵێن(کیژ)، بەڵام لە کۆیە پێی دەڵێن (کچ).

## 2.1. چەمك و پێناسەی شێوەزار :

ئەوەی تێبینی دەکرێت زمانەوانەکان زاراوەی جیاوازیان بۆ شێوەزار بەکارهێناوە، وەك: دیالێکتی سۆران، دیالێکتی سلێمانی، شێوەزار و زار و زارۆچکە، لە عەرەبیشدا (اللکنه)، لە فارسیشدا (لهجه) و لە ئینگلیزیدا (accent) بەکاردێت، شێوەزار هەموو ئەو جیاوازییە دەنگی و وشەییانەی کە خەڵکی ناوچەیەکی زمانی قسەی پێ دەکەن لە هەندێ ڕووەوە ڕوخساری هاوبەش و لە لایەکی ترەوە جیاوازە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، کە ئەم تایبەتمەندییانەش سیمایەکی گرنگە بۆ جیاکردنەوە و ناسینەوەی خەڵکی ئەو ناوچەیە. بەپێی ئەو ڕاستییە، هەموو شار و شارۆچکە و گوندێك شێوازێکی تایبەتی هەیە (ڕەسوڵ، ٢٠١٩، ٢٣٢). هەروەها ئەوەش دەگوترێت کە شێوەزار بریتییە لە کاریگەری بیستنی هەنگاو بە هەنگاوی ئەو تایبەتمەندییانەی کە لە شێوازی گۆکردندا هەیە، کە ئەمەش ناسنامەی کەسەکە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ناوچەییەوە دیاری دەکات، هەروەها سەرچاوە زمانەوانییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە شێوەزار تەنیا پەیوەستە بە بواری گۆکردنەوە (Crystal, 2008, 3).

زمانەوانانیش لە ڕووی تەکنیکەوە تێبینی دوو خاڵی گرنگ لە بارەی شێوەزارەوە لەم چەمکەدا دەخەنە ڕوو: یەکەمیان ئەوەیە، کە تەنها دەربڕین دەگرێتەوە و دووەمیان ئەوەیە کە گشتییە، هەموو کەسێك بە شێوەزارێکی تایبەتی قسەدەکات، کە ئاوازە و چۆنیەتی دەربڕینی دەنگ و بەکارهێنانی وشەکانە لەناو ڕستەدا(Bauer, 2007, 7) ، بۆ نمونە هەردوو دەنگی (ڵ ، ڕ) لە وشەی (گوڵ)دا لە زمانی کوردیدا یەکێك لە تایبەتمەندییە جیاوازەکانی نێوان شێوەزارەکانە لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا، کە (گوڕ) یان دەنگی (ڕ) لە هەمان وشەدا بە (گوڕ) دەردەبڕدرێت، واتا هەر قسەکەرێك زمان بە شێوەزارێك قسە دەکات، کە لە ڕوی زانستییەوە زاراوەی (شێوەزار) تایبەتە بە وەسفکردنی ئەو شێوە دەربڕینەی کە دەستنیشانی دەکات، قسەکەر پەیوەندی بەکام شوێن و کۆمەڵەوەیە (Yule, 2006 , 206).

هەروەها زاراوەی) پاتویس(Patois - یش وەکو زاراوەیەك لە بواری دیالێکتۆلۆجیادا بەکارهاتووە، بەکارهێنانەکە بۆ مەبەستی باسکردنی شێوەزار بووە، بەم شێوەیە پێناسە کراوە، پاتیۆس: ئاماژەیە بۆ شێوەزار وەکو ئەوەی شێوەزاری تاکە گوندێك یان ناوچەیەکی بچوك بێت (ئەحمەد، ٢٠٠٩، ١٠)، کە شێوەزارەکانی هەر زارێك لێکچوونی زۆریان لە نێواندا هەیە، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو جیاوازییانەی لە نێوان شێوەزارەکاندا هەیە کاتێك زۆربوون، ئەو کاتە دەبێتە جیاوازی نێوان دوو زاری جیاواز، نەك جیاوازی نێوان شێوەزارەکانی زارێك (ئەحمەد، ٢٠٠٩، ٧٥).

شێوەزارە ناوچەییەکان، هەموو ناوچەیەکی قسەپێکەرانی دەگرێتەوە، لەوانە ناوچە گوندنشینەکان و شارنشینەکانیش لە هەموو وڵاتێکدا دەگرێتەوە، بۆ نمونە لە وڵاتی بەریتانیا کە دەوترێت ڕۆژئاوای وڵات، ئەوا شێوەزاری (لیڤەرپول) دەگرێتەوە، هەروەها قسەپێکەرانی ئەو زمانانەش دەگرێتەوە کە هەمان زمان بەکاردەهێنن، بەڵام شێوەزاریان جیاوازە لە قسەکردندا، وەکو (ئوستراڵی و ئەمەریکی)، شێوەزار پەیوەندی بە پاشخانی پەروەردەیی و کەلتوریی قسەپێکەرانەوە هەیە، ئەو وڵاتانەی کەوا سیستەمی چینایەتی کۆمەڵایەتییان بە تەواوی جیاکراوەتەوە، وەکو هیندستان و یابان، ئەم دابەشبونی چینایەتییە لە زمانەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە، واتا شێوەزار زۆربەی جار نیشانەیەکە بۆ چینێکی کۆمەڵایەتی، بۆیە زمانەوانیش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەموو کەسێك پێویستە شێوەزارێکی هەبێت (Crystal, 2008, 3).

هەروەها بۆ توێژینەوە لە زاری کرمانجی ناوەڕاست، وەك دەزانین ئاخێوەرانی هەولێر و سلێمانی و کەرکوك و ئەردەلان و موکریان لەیەکتری دەگەن و هەر یەکێکیان پەیوەندی زمانیان بەو زارەوە هەیە و بەکاریدەهێنن، بەڵام بە هەندێك تێبینییەوە دەتوانن یەکتری جیابکەنەوە، سلێمانییەك دەتوانێت هەولێرییەك، کەرکوکییەك و ئەوانی تر دەستنیشان بکات، ئەوەش بە بەکارهێنانی شێوەزاری جیاوازی ئەو زارەی زمانی کوردی پەیوەندی بە یەکترەوە دەکەن .

پێویستە ئاماژە بەوە بدەین، کەوا جیاوازییەکی ئاشکرا لەنێوان زار و شێوەزاردا هەیە، شێوەزار جیاوازییە تایبەتییەکان لە ڕوی فۆنەتیك و فۆنۆلۆجییەوەیە دەگرێتە خۆی، لە کاتێکدا زار جگە لەمانە جیاوازی سینتاکس و وشەسازیش دەگرێتەخۆی، چەمکی شێوەزار تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕووی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە بە گرنگ دادەندرێت، جگە لەوەی لەگەڵ چەمکی زاردا تێکەڵ دەبن، کە تاکەکانی کۆمەڵێکی زمانی بەزۆری وا دادەنێن جیاوازییە دەنگییەکان و سیمای شێوەزارەکە ئەو ناوچە جوگرافیانە نیشان دەدات، کە تیایەتی، جگە لەوەی کە سەر بەو پێگە کۆمەڵایەتییەیە (ڕەسوڵ، ٢٠١٩، ٢٣٣). هەروەها سەرچاوە زمانەوانییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە شێوەزار تەنیا پەیوەستە بە بواری گۆکردنەوە، ئەمەش وا دەکات کە لە زار جیاوازبێت، چونکە زار جگە لە بواری گۆکردن، بواری ڕێزمان و وشەسازیش دەگرێتەوە (Crystal, 2008, 3).

## 3.1. زارەکانی زمانی کوردی:

بە شێوەیەکی گشتی زمانی کوردی بەسەر چوار زاری سەرەکیدا دابەش دەبێت، کە هەر یەکێك لەو زارانە چەند ژێنگەیەکی شێوەزاری تری تێدایە، کە خەڵکەکەی قسەی پێدەکەن، لە هەندێ سیمادا هاوبەش و لە هەندێکی تردا لە ژینگەی ئەوی تر جیاوازن، وەك جیاوازی دەنگی و وشەسازی کە شێوەزارێك لە ئەوی تر جیادەکاتەوە، سەرەڕای ئەوەی هەر هۆزە و ناوچەیەك شێوەزارێکی تایبەت بە خۆی هەیە، تاڕادەیەك لێکتێگەیشتنێکی باش لە نێوانیاندا هەیە، کە بەپێی دوورونزیکییان ڕێژەکەی دەگۆڕێت، تا زیاتر لێك دور بن کەلێنەکە فراوانتر دەبیت و ڕێژەکە کەمتر دەبێتەوە، بەڵام ناگاتە ئەو ڕادەیەی لێکتێنەگەیشتنی تەواو لەنێوانیاندا دروست بێت، کە هۆکاری ئەم جیاوازییانەش هۆکاری سروشتین یان هۆکاری سیاسی، مێژوویی، ئاینی و کۆمەڵایەتی و ...هتد، هەرچەندە خەڵکی شاری کۆیە گرنگییەکی تایبەت بە زمانی نوسین و خوێندن دەدەن، بەڵام لە ئاخاوتنی ڕۆژانەیاندا شێوەیەکی تایبەتی خۆیان هەیە، کە بەوە ناسراوە خەڵکەکەی زمانیان پارا و ڕونە لە دەربڕیندا و شێوازێکی تایبەتی هەیە.

زمانی کوردی بەسەر چوار زاری سەرەکیدا دابەشدەبێت، زارە سەرەکییەکانیش بەسەر چەند زارێکی ناوچەییدا دابەش دەبن، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١ -زاری کرمانجیی باکور: بایەزیدی ، هەکاری ، بۆتانی ، شەمدینانی ، بەهدینانی ، دیالێکتی ناوچەیی ڕۆژئاوا.

٢ -زاری کرمانجیی ناوەڕاست: موکری ، سۆرانی ، ئەردەڵانی ، سلێمانی ، گەرمیانی.

٣ -زاری کرمانجیی باشور: لوڕی ڕەسەن ، بەختیاری ، مامەسەنی ، کۆهگلۆ ، لەك ، کەلهوڕ.

٤ -زاری گۆران: گۆرانی ڕەسەن ، هەورامانی ، باجەلانی ، زازا. (خورشید، ٢٠٠٨ ، ٤١).

لەبەرئەوەی توێژینەوەکەی ئێمە تایبەتە بە بەریەککەوتنی شێوەزارەکانی زاری کرمانجیی ناوەڕاست، بۆیە بە پێویستی دەزانین کەوا دابەشبوێکی وردتر بۆ ئەم زارە بکەین و شوێنی قسەپێکەرانیشی ئاماژە پێبکەین:

موکری: مەڵبەندەکانی شنۆ – نەغەدە – مەراغە – میاندواو – شاهێن دژ – سەقز – بۆکان – بانە – سەردەشت و مەهابادیش ناوجەرگەکەیەتی.

سۆرانی: قەزای زرێباری لێ دەرچێ، هەموو پارێزگای هەولێر دەگرێتەوە و ناوجەرگەکەشی شاری هەولێرە، کۆیەش کە ناوچەی توێژینەوەکەمانە سەر بە شاری هەولێرە.

ئەردەلانی: مەڵبەندەکانی بیجار – کەنگەوەر – ڕەوانسەر – باکوری ناوچەکانی جوانڕۆ – ناوجەرگەکەشی شاری سنەیە.

سلێمانی: هەموو پارێزگای سلێمانی دەگرێتەوە و ناوجەرگەکەیشی شاری سلێمانییە ، هەروەها هەندێ ناوچەی قەزای خانەقینیشی گرتووەتەوە.

گەرمیانی: هەموو ناوچەکانی کفری و قەرەتەپە و کەرکوك و گوز و شوانی گرتووەتەوە. (خورشید، ٢٠٠٨ ، ٥٤ – ٥٥).

### 4.1. چەمك و پێناسەی بەریەککەوتن:

دیاردەی بەریەککەوتنی شێوەزارەکان دیاردەیەکی زمانییە، کە لەوانەیە زیاتر لەم شوێنانە بەدیاربکەوێت کە خەڵکی چەند ناوچەیەك لە ناوچەیەك کۆببنەوە یان سنورەکانیان یەکتر ببڕن، جا بە هەر هۆکارێك بێت، وەك هۆکاری مێژوویی، ڕامیاری، جوگرافی، ئاینی، بازرگانی و کۆمەڵایەتی ...هتد، زۆرجار لە کاتی قسەکردندا ڕەنگە ئەوانەی لەو ناوچەن بەبێ ئەوەی هەستی پێبکەن ئەو دیاردەیە بەسەریاندا ڕوودەدات، لەبەرئەوەی شاری کۆیەش مێژوویەکی کۆن و هەڵکەوتەیەکی جوگرافی گرنگی هەبووە، بۆیە بەریەککەوتنی شێوەزارەکانی زاری کرمانجی ناوەڕاست، لە ناوچەکەدا بەرچاو دەکەوێت، هەروەك چۆن لە دنیادا هیچ زمانێك نییە کاریگەری زمانی تری لەسەر نەبێت، لە توانای هیچ کەسێکدا نییە، ڕێگری لەو کاریگەرییە بگرێ و بیوەستێنێ، بە هەمان شێوەش زار و شێوەزارەکانیش کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەیە و بەر یەکتر دەکەون و سود لە یەکتر وەردەگرن، ڕێژەی ئەو بەریەککەوتنەش پەیوەستە بە ڕادەی تێکەڵاوبونی ئاخێوەرانی ئەو شێوەزارانە.

بۆ دیاردەی بەریەککەوتنی شێوەزارەکانی چەند زاراوەیەکی تریش بەکاردێت وەك (بازدان لە شێوەزارێکەوە بۆ شێوەزارێکی تر، گۆڕینی شێوەزار، کۆد گۆڕین، پەڕینەوە لەنێوان شێوەزارەکان، تێکەڵکردنی شێوەزارەکان، ئاوێتەبونی شێوەزارەکان، بەریەککەوتنی شێوەزارەکان)، ئێمە لەم توێژینەوەیەدا زاراوەی بەریەککەوتنی شێوەزارەکانمان بە باش زانیوە، چونکە (پیتەر هانز) دەڵێت: ((تا بەریەککەوتن لەنێوان ئاخێوەرانی زمانەکە ڕوونەدات، بەریەککەوتنی زمان و زار و شێوەزارەکانیش ڕونادات))، (نێڵدە، ٢٠١٠، ١٤٠)، لێرەدا چەند پێناسەیەك بۆ دیاردەی بەریەککەوتنی شێوەزارەکان دەخەینە ڕوو، کە لە لایەن توێژەرانەوە کراوە:

(فیشمان) لە بارەی بەریەککەوتنی زمانەکانەوە دەڵێت: ((بەریەککەوتنی زمان بریتییە لە بەکارهێنانی دوو زمان یان زار یان شێوەزار، یان زیاتر لە قسەکردندا))، (Fishman, 1967, 29-38).

هەروەها (بلۆم و گەمپێرز) لەبارەی بەریەککەوتنی شێوەزارەکانەوە دەڵێن: ((بەکارهێنانی دوو زار یان دوو شێوەزاری زمانێکە لەیەك دەوروبەری کۆمەڵایەتیدا))، (Blom, J. & gumperz, J. , 1972 , 406).

(سترۆید) دەڵێت: ((بەریەککەوتنی ئاخاوتنی بە شێوەیەکی بەرچاو لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا ڕوودەدات و ناتواندرێت بەتەواوی لێی تێبگەیت، ئەگەر دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لەبەرچاو نەگیرێ))، (Celik, 2003 , 361-369).

توێژینەوەکانی (گەمپێرز) لە بواری زمانەوانیی کەلتوری و کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی ئەوانەی کە لەسەر کۆدگۆڕین و بەسیاقکردنا ئەنجامی داون کاریگەری زۆریان هەبووە، (گەمپێرز) زۆربەی کارەکانی لەسەر زار و شێوەزارەکانی زمانی هیندی کردووە، بەتایبەتی شێوەزاری گوند و شێوەزاری ناوچەیی و زمانی ستانداردی هیندی، ئەم توێژەرە دەڵێت ئەو هاوڵاتییانەی کە بە ڕەگەز نێرینەن و زۆر سەفەر دەکەن و خەریکی کاروکاسبین، بەهەردوو شێوەزاری ناوچەیی گوند و ناوچەیی قسەدەکەن و لەماڵەوەش بە شێوەزاری گوند قسەدەکەن، بەڵام لەگەڵ کەسانی دەرەوە بە شێوەزاری دیکە قسەدەکەن، واتا جۆری ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان قسەکەراندا هەیە، کاردەکەنە سەر هەڵبژاردنی شێوەزارەکە (Gumperz, J. 1964 , 35).

(پۆپلاک) دەڵێت لەم ساڵانەی دواییدا توێژینەوەی زۆر لەسەر بەریەککەوتنی زمان کراوە بەتایبەتی لە ئاستی ڕستەسازیدا، هەرچەندە بەریەککەوتنی زمان لە هەموو ئاستەکانی زمان ڕوودەدات، بەڵام توێژەران پێیان وایە بەریەککەوتنی زمان لە ئاستی ڕستەسازیدا لە هەموو ئاستەکانی تر چالاکترە، پۆپلاک دەڵێت دوو جۆر کۆد گۆڕین لە ڕستەدا هەیە:

1. کۆدگۆڕینی نێوان – ڕستەیی– (Inter Sentential): واتە (زمان لەنێوان ڕستەکاندا دەگۆڕدرێت).
2. کۆدگۆڕینی ناواخنی – ڕستەیی– (Intra Sentential): واتە (زمان لەناو ڕستەیەکدا دەگۆڕدرێت).

بەڵام دەربارەی بەریەککەوتنی زار و شێوەزارەکانی زمان لە هەر ئاستێکی زماندا بێت، توێژینەوەکان کەمن و بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن.(poplack, S. , 1983 , 79)

لە ڕاستیدا دیاردەی بەریەککەوتن نیشانەی زیندویەتی و پێشکەوتنی زمانە، نەك بێهێزی و دواکەوتوی زمان، چونکە خزمەت بەو گروپ و کۆمەڵانە دەکات، کە بەشدار و ئەندامی ئەو بەریەککەوتنەن، بەریەککەوتن زیاتر لەم ناوچانەدا ڕوودەدات، کە زیاتر لە خەڵکی ناوچەیەك تێیدا دەژین، بۆ نمونە: (سانکۆف) ڕاپۆرتی ئەوەی داوە، کە هەندێ لە ناوچە دەشتاییەکانی نیو– گوێنی– (New Guinea)، تۆك پیزن(Tok Pisin) ، یابیم(Yabem) ، شێوەزای زمان گۆڕینەکانیان لە نێوان ئەو شێوەزارانەی کە دەیزانن، گەورەترین شکۆداری قسەی خەڵکییە و چاوەڕوانی هێزی خاوەنیەتی لەو کەسانە دەکرێت (Barbara E. & Toribo E. , 2000 , 10).

لەکۆی ئەم پێناسانەی کە خستمانە ڕوو، ئێمەش بەم شێوەیە پێناسەی بەریەککەوتنی شێوەزارەکان دەکەین:

بەریەککەوتنی شێوەزارەکان بریتییە لە ئاوێتەبونی دوو شێوەزار یان زیاتر لە ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو لە کاتی قسەکردندا، یاخود بەریەککەوتنی شێوەزارەکان دیاردەیەکی بڵاوە لەم ناوچانەی کەوا لە ڕووی بازرگانی و ئابوری و ڕامیاری و ڕۆشنبیری و زانست و زانیارییەوە لە لوتکەن.

ئەگەر بە وردی سەیری ئەم پێناسانەی سەرەوە بکەین دەبینین بە گشتی جەخت لەسەر بوونی زیاتر لە شێوەزارێك دەکەنەوە، لە ناوچەیەك جا بەهەر هۆکارێك بێت.

هەروەها پێویستە ئاماژە بەمەش بکەین کەوا جاری وا هەیە زارێك لەگەڵ زمانێك یان دوو زمانی تر بەریەکدەکەون، ئەوەش بەپێی ڕادەی ڕۆشنبیری و ژمارەی قسەپێکەران و یەکگرتویی و دەسەڵاتی سیاسی زارەکە کاریگەرییەکەی دەگۆڕێت، ئەگەر ڕادەی ڕۆشنبیری و ژمارە و دەسەڵاتیان لەیەکەوە نزیك بوو، ئەوە کاریگەرییەکی خراپی بەسەر زارەکەوە نابێت بەرامبەر زمانەکەی تر دەوەستێتەوە و وەك یەك دەبن، هەروەك کاریگەری عەرەب و تورکمان لەسەر شێوەزاری کەرکوك، یان ژمارەیەك لە دانیشتوانی ناوچەیەك بەهۆی ڕاگواستن یان هێرشی سەربازییەوە کۆچدەکەن بۆ ناوچەی زارێکی تر، لەبەر کەمی ژمارە و بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری ناوچەکەوە دەکەونە ژێر کاریگەری زاری ئەوانەوە و بەسەریاندا دەسەپێ، وەك لە کۆچکردنی یەزیدییەکانی ناوچەی شەنگال و کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان بۆ شاری سلێمانی و هەولێر و دەوروبەریان دەردەکەوێت.

### 5.1. جۆرەکانی بەریەککەوتن:

لەم توێژینەوەیەدا ئێمە سێ جۆر بەریەککەوتن دەخەینەڕوو:

١-بەریەککەوتنی لاوەکی(ڕەمزی): ئەم جۆرە بەریەککەوتنە بریتییە لە بەکارهێنانی نیشانەکانی ڕامان و سەرسوڕمانی زمانێك لە زمانێکی تردا وەك: واو! کەی؟ (ئینگلیزی – کوردی)، (فەتاح و قادر، ٢٠٠٨، ١٢٧). نمونەیەکی تری باو وەك دەگوترێت: ئیشتە ماڵەوەدان! ئەمە وەکو ئامرازێکی سەرسوڕمان و گاڵتە و گەپ هەولێرییەکان بە تورکمانەکان دەڵێن کە گوایە کوردی باش نازانن، ( ئیشتە ) تورکمانییە و ( ماڵەوەدان ) کوردییە، ئیشتە لە زمانی توکی بەواتای (کەواتە) دێت، یان بەکارهێنانی نیشانەکانی ڕامان و سەرسوڕمانی شێوەزارێك لە شێوەزارێکی تردا، وەك: ڕەحمەت لەداك و بابت! ! (لە نێوان کەسێکی هەولێر و کۆیەدا بەکاردێت)، ئەی هەشم بەسەری! ، چاو چاو! . ئەم کلکانە وەك زیادەن لە ڕستەدا و ڕەمزی کەسانێکن کە یەك زمان دەزانن، هەر لەبەر ئەمەشە زۆرجار بە بەریەککەوتنی ڕەمزی ناودەبرێت .

٢-بەریەککەوتنی خۆنەویست: بە زمانی ئینگلیزی پێی دەگوترێ (Code – switching, Code – Shifting, Code –

(Changing)، لەم جۆرەیاندا بەریەککەوتن لە بێئاگایی قسەکەرە ( (Trudgill, 1996 , 61)، چونکە قسەکەر لەپڕ لە شێوەزارێکەوە باز دەداتە سەر شێوەزارێیکی تر، واتە لەم جۆرە بازدانەدا گۆڕان لە هەڵویست دەبێتە هۆی گۆڕان لە شێوازی قسەکردن، یان گۆڕان لە شێوازدا زۆرجار نیشانەی ئەوەیە گۆڕانێك لە پەیوەندیی نێوان قسەکەر و گوێگراندا هاتۆتەکایەوە، یان بابەتی قسەکە گۆڕاوە، یان شوێنی بەیەکگەیشتنەکە تایبەتییەکی وەرگرتووە (فەتاح، ٢٠١٠، ١٤٢).

٣-بەریەککەوتنی خۆویست: بەزمانی ئینگلیزی پێی دەگوترێ (Code – Mixing)، لەم جۆرەیاندا بەریەککەوتن لە بەئاگایی قسەکەرە، واتە ئەم جۆرەیان پێچەوانەی بەریەککەوتنی خۆنەویستە، چونکە بازدان لە شێوەزارێکەوە بۆ شێوەزارێکی تر بە ویستی قسەکەرە، واتە گۆڕانی شێواز هەندێکجار پەیوەندی بە هەڵوێستەوە نامێنێ، ئەم جۆرە کەناڵ گۆڕینە بۆ ماوەیەکی زۆر کورت دەمێنێتەوە و قسەکەران یان گوێگرانی تر لەسەر شێوازەکەی خۆیان بەردەوام دەبن و گوێ نادەنە ئەم شێواز گۆڕینە و دوای ناکەون، چونکە شێواز گۆڕینەکە هەڵوێست نەی هێناوەتەدی و تەنانەت لەگەڵیشیدا ناگونجێت، ئەم جۆرە شێواز گۆڕینە زیاتر بۆ پێداگرتن و پێکەنین بەکاردێ، هەرچەندە مەترسی ئەوەی لێدەکرێت، کە هەڵگەڕێتەوە و کارەکە پێچەوانە بکاتەوە، بۆ نمونە با لەم ئاخاوتنەی خوارەوە وردبینەوە:

ڕێبوار: بێزەحمەت، ئەتوانم تەلەفۆنەکەت بەکاربهێنم؟

ڕێبوار: (دوای تەواوکردنی کارەکەی) زۆرسوپاس.

دوکاندار: شایەنی نییە، بە ساقەی سەرت بم!

لە کۆزمانەوانیدا بازدان لە شێوازێکەوە بۆ شێوازێکی تری هەمان زمان، یان لە زمانێکی جیاوازەوە بۆ زمانێکی تر بە یەك چاو سەیردەکرێ و بە یەك بابەت دادەندرێ و قسەکەر هەر لە سەرەتای زمان فێربونەوە ئەم بازدان و تێهەڵکێشکردنە فێردەبێ (فەتاح، ٢٠١٠ ، ١٤٣).

شایانی تێبینییە لە سەرەتای ئاخاوتنەکەوە تا ڕستەی (بە ساقەی سەرت بم) شێوازێکی فەرمی و ئاساییە، بەڵام ئەو ڕستەیە لەو جۆرانەیە، تەنیا ئافرەتی سلێمانی بەکاریدەهێنن، لەبەرئەوە وا چاوەڕوان دەکرێ، کە ڕێبوارەکە دابچڵەکێ و چاو ببڕێتە دوکاندارەکە، تا ئەو کاتەی بۆی ڕون دەبێتەوە بۆ چ مەبەستێك بەکاریهێناوە (بۆ گاڵتە، یان لە نەشارەزایی خۆیەتی، یان ئەو بە منداڵ دادەنێ...هتد)، کەواتە لەم گفتوگۆیەدا دوو شێواز چونەتە ناو یەکتری :

1. شێوازی فەرمی: بەزۆری ئەو کەسانە بەکاریدەهێنن، کە بەتەواوی یەکتر ناناسن، یان لەیەکترییەوە نزیك نین.

2. شێوازی ئافرەت: تەنیا لەنێوان دوو کەسدا بەکاردێ، کە هەردوکیان ئافرەت بن.

ئەم ئاخاوتنەی سەرەوە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات، کە بەریەککەوتنی خۆویست، بە پێچەوانەی بەریەککەوتنی خۆنەویستە، زۆرجار بە هەڵە لێکدەدرێتەوە و دەبێتە هۆی زویربون، بە واتای ئەوەی زۆرجار گوێگر وا تێدەگات، کە گاڵتەی پێدەکرێ، پێویستە ئەوەش بزانین بەریەککوتنی خۆویست شتێکی زۆر پێویست نییە، بەڵکو بەندە بە ئارەزوی قسەکەر یان گوێگرەوە و دەتوانرێ بەکارنەهێندرێت، جگە لەوە دەتوانرێ تەنیا ئەو کاتانە سود لەو بەریەککەوتنە وەربگیرێ، کە هاوبەشانی ئاخاوتنەکە بەتەواوی لەیەکتری بگەن و هەمان باوەڕیان هەبێت دەربارەی دەرچون و بازدان لە شێوە ئاسایی و گونجاوەکە و شێوازی تێکەڵکردن، واتە ئەگەر هاوبەشانی ئاخاوتن ئاگاداری لادان و شێوازگۆڕینی یەکتر نەبن و پێشبینی نەکەن، ئەوا لەیەکتر ناگەن و گیروگرفت دەکەوێتە نێوانیانەوە و لەیەکتر زویر دەبن (فەتاح، ٢٠١٠، ١٤4 – 145).

### 6.1. بەریەککەوتن لەنێوان دوو زمان ڕودەدات، یان لەنێوان زار و شێوەزارەکانی یەك زمان ڕودەدات؟:

(سکۆتن) بەم جۆرە پێناسەی بەریەککەوتنی زمانی کردووە ((بەریەککوتنی زمان بریتییە لە بەکارهێنانی دوو شێوەزار یان زیاتر لە هەمان ئاخاوتندا)) (Scotton, M. 2002, 32) بەپێی ئەم پێناسەیە بەریەککەوتنی دوو زار یان دوو شێوەزاری هەمان زمانیش لە یەك ئاخاوتندا بە بەریەککەوتنی زمان دادەندرێت، بۆ نمونە، (نوچە) و (پەیڤ) و (دەڤەر) و (ئاریشە) و (ڕاڤە) ئەو وشانە لە زاری کرمانجی ژووروودا بەکاردێن، بەڵام لەلایەن قسەکەرانی زاری کرمانجی ناوەڕاستیش بەکاریدەهێنن، نمونەیەکی تر:

ژمارەیەك لە دایك و باوکان سکاڵایان لەسەر بۆردی قوتابخانەی (ئان ئاربۆر) تۆمارکرد، چونکە لە رووی پەروەردەییەوە هەلی یەکسانیان بۆ منداڵەکانیان فەراهەم نەکردووە، بۆ ئەوەی فێری زمانی ئینگلیزی ستاندارد ببن و بتوانن بەکاریبهێنن، ئەم سکاڵایە بووە هۆی ئەوەی کە یاسایەك لە بارەی زمانی ئەمەریکی ئەفەریقی دەربچێت، بە پێی ئەم یاسایە داوا لە قوتابخانەی (ئان ئاربۆر) کرا، کە منداڵەکانیان فێری زمانی ئینگلیزی ستاندارد بکەن، پاشان لە ساڵی (١٩٩٦)دا کێشەیەکی تری زمانی کە لە ویلایەتی (کالیفۆرنیا) ڕویدا، وای کرد کە یاسایەك دەربچێت، بەپێی ئەو بڕیارە زمانی ئینگلیزی ئەفەریقی/ ئینگلیزی ئەمەریکی ئەفەریقی ناوچەیی وەك زمانی خوێندنی قوتابخانە ئەمەریکییە ئەفەریقییەکان ناسرا.

لە ئەنجامی ئەم بە یاسایی کردنەی زمان، کۆمەڵناسان دەستیان بە توێژینەوەی گشتگیر کرد، لە بارەی ئەنگلیوە ڕەشپێستەکان و ئینگلیزی ئەمەریکی ئەفەریقی ناوچەیی و زمانی ئینگلیزی ئەفەریقی

بە تایبەتی لەسەر ئەو خاڵە لێکچووانەی کە لە ڕوی ڕێزمانەوە لە نێوانیاندا هەیە، لە ئەنجامی ئەم توێژینەوانەدا پرۆگرامی خوێندنی تایبەت بۆ هەندێك لە قوتابخانەكانی (لۆس ئەنجلۆس) دانرا، بۆ ئەو قوتابیيانەی پێشتر شێوەزاری تریان بەکارهێنابو، دیارە ئەم پرۆگرامە بۆ ئەوە بو کە کارئاسانی بۆ قوتابییان بکات، تاوەکو فێری زمانی ئینگلیزی ستاندارد ببن، ئەم سیستەمە وایکرد قوتابییان لە قسەکردندا زمانی ئینگلیزی ستاندارد و شێوەزاری ناوچەیی تێکەڵ بکەن، زمانەوانانیش هەوڵدەدەن و دەخوازن هاوتەریبییەك لەنێوان تاك زمانی و دوو زمانزانیدا بکەن لە بواری بەریەککەوتندا.

## 2. بەشی دووەم

### 1.2. بەریەککەوتنی شێوەزارەكانی زاری كرمانجیی ناوەڕاست لە شاری كۆیەدا:

دەتوانین پرسیاری ئەوە بکەین، کە بۆچی شاری کۆیە بە نمونە وەرگیراوە بۆ بەریەککەوتنی شێوەزارەکانی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست؟ دەکرێ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا بڵێین چونکە شاری کۆیە بە پێی یەکێك لە تیۆرەکانی بڵاوبونەوەی زار و زمانەکان کە بە تیۆری شەپۆڵەکان ناسراوە تا ڕادەیەکی زۆر بە چەق و شوێنی بەریەککەوتنی شێوەزارەکانی دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست دادەندرێت، واتا هەڵکەوتە و سنوری جوگرافیای ناوچەکە ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە و دەکەوێتە ناو چەند شێوەزارێکەوە، کە لە ئەنجامدا ئەم شێوەزارانە لەگەڵ یەکتردا کارلێك دەکەن و بەریەککەوتن ڕودەدات، شاری کۆیە دەکەوێتە، باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراق، لە نێوان هەرسێ پارێزگای هەولێر و کەرکوك و سلێمانی دایە، لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە پارێزگای هەولێرە و کەوتۆتە بەشی ڕۆژهەڵاتییەوە (غەفور، 2002، 92–93). ئەم شارە لەسەر چەند گردێکەوە دروستکراوە، ماوەی ( 75 ) کم لەهەولێر دورە (گۆرانی، 2000، 166). سنوری کارگێڕی کۆیە بریتییە لە : قەزای شەقڵاوە لە باکور، کەرکوك لە باشور، سلێمانی لە ڕۆژهەڵات، هەولێر لە ڕۆژئاوا (گیب ، 2005، 7)، بەڵام سنوری سروشتی شارەکە بریتییە لە" نێوچەی خۆشناوەتی لە باکور، زێی بچوك " زێی کۆیە" لە باشور، دەشتی بیتوێن و دۆڵی خەلەکان لە ڕۆژهەڵات، بەستی شلغە " شرغە " و بەرزاییەکانی دێدەوان لە ڕۆژئاوا (شارەزا، 1997، 33).

تیۆری شەپۆلەکان ئەوە دەخاتەڕوو، کەوا گۆڕانی ئاخاوتن، واتە ئەو گۆڕانانەی بەسەر زمانێکدا دێن لە ڕوکارێکی زمانییەوە، یان ڕووبەرێکی زمانییەوە دەستپێدەکات، واتە لە خاڵێکی دیاریکراوەوە دەستپێدەکات و کاریگەی بەسەر زمانەکانی دەوروبەریانەوە دەبێ، بەڵام چەند لەو خاڵەوە دورکەوینەوە بڕی کاریگەرییەکەی کەمتر دەبێت(Crystal , 2008, 519) ، هەروەها تیۆری شەپۆلەکان مامەڵە لەگەڵ ئەو گۆڕانە زمانییانەدا دەکات، کە لە ئەنجامی کارلێکردنی زمانەکان، زارەکان یان شێوەزارەکان لەیەکتر دێتە کایەوە، بەمەش ئێمە بەرامبەر چەند بنەمایەك دەوەستین، یەکێك لە بنەماکانی ئەم تیۆرە لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەی ئێمەدا یەکدەگرێتەوە، کە بنەمای کاریگەری هێمنانەیە، کە بە پێی ئەم بنەمایە جاری وا دەبێ دوو زمان یان دوو زار یان شێوەزار بەریەکتردەکەون، هیچیان لە خەیاڵی ململانێ و بەدەستهێنانی سەرکەوتن نین، بەڵام لە ئەنجامی تێکەڵبون و گۆڕینەوەی بەرژەوەندییەکان دوو ئاڕاستە پەیدادەبێت. ئاڕاستەی ئەوەی هەردوو زمانەکە یان زارەکە یان شێوەزارەکە دەکەونە ژێر کاریگەری یەکەوە و ئەو کاریگەرییە بەسەر دەکەوێت بۆ گشت ئاستەکانی (دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و خواستن ...) بەبێ ئەوەی هەستی پێبکەین، ئەمەش زیاتر دەچێتە ناو بازنەی گەشە و گۆڕان لە زماندا، بۆ نمونە وەرگرتنی دەنگی (ڤ) ، (ت)ی قەڵەو ، (ر)ی سوك لە کرمانجیی سەرودا، یان وەرگرتنی وشەی (دەڤەر) ، (ئاریشە) ، (ڕاڤە) لە کرمانجیی سەرو، پێچەوانەکەشی ڕاستە، بۆ نمونە لە ئەنجامی ئەو بەریەککەوتنە هەندێ کاریگەری کرمانجیی ناوەڕاست دەپەڕێتەوە ئەو دیو، بۆ نمونە لاوازبونی کەیسەکان لە کرمانجیی سەرودا، یان جیانەکردنەوەی تەواوی ڕەگەز لە لای ئەوان (بەرزنجی و قادر، ٢٠١٣ ، ٢٥ – ٢٦) .

دەرکەوتنی زارێك یان شێوەزارێك لەو ناوەڕاستەدا کە هەڵگری سیمای هەردوو زمان، زار یان شێوەزارەکەیە، ئەگەر ئەو ناوچە زمانییە دروست بو، وەکو زمان زیاتر دەچێتە ناو تیۆری بەریەککەوتن، هەروەك دەبینین لە ناوچەی توێژینەوەشدا شێوەزارێك دەرکەوتووە کە دەتوانین بڵێین هەڵگری سیمای شێوەزارەکانی زاری کرمانجی ناوەڕاستە، کە ئەمەش لە ئەنجامی بەریەککەوتنی شێوەزارەکانەوە بووە.

هەروەکو لەم هێڵکاری و نمونەیەدا دیارە:




هەولێر: خیندن

کۆیە: خوندن

سلێمانی: خوێندن (بەرزنجی و قادر ، ٢٠1٣ ، ٣٠ – ٣١).




نەخشەی ژمارە (1) : یەکە کارگێڕییەکانی شاری کۆیە (بکر، ٢٠١٦ ، ٦)

شێوەزارەی کۆیە لەبەر نزیکایەتی لە لقە زاری هەولێر، لەگەڵ شێوەزاری هەولێر ئاماژەی پێدەکرێت، بەڵام هەندێ جیاوازی و تایبەتمەندی شێوەزاری کۆیە، لە کەمترین ئاخاوتندا کۆییەکانی پێدەناسرێتەوە چ لەناو هەولێر بن یان شارەکانی تری کوردستان، کە جیایە لە هەموو ئەو جیاوازییانەی لە نێوان زار و شێوەزارەکانی تردا هەیە، هەروەها گرنگە ئاماژەی پێ بدەین، کە شێوەزاری کۆیە لە دوو سەدەی ڕابردو و پێشتریش لەژێر کاریگەری باری سیاسی میرنشینەکانی بابان و سۆران، باری ڕۆشنبیری و زانستگەی ئاینی و حوجرە و زمانی فارسی و عەرەبی و پێگەی بازرگانی نێوان مهاباد و کۆیە و شارەکانی تر، ڕۆڵێکی دیاریان لەسەر شێوەزارەکە دروست کردووە.

٢/٢ : هۆکارەکانی بەریەککەوتنی شێوەزارەکانی زاری کرمانجیی ناوەڕاست لە شاری کۆیەدا(هۆکاری نازمانی) :

چەند هۆکارێك هەن کە دەبێتە هۆی دیاردەی بەریەککەوتنی شێوەزارەکان لە شاری کۆیەدا لەوانە:

١-هۆکاری جوگراف: لەبەرئەوەی شوێنی جوگراف کۆیە کەوتۆتە سەر ڕێگای بازرگانی نێوان شارە گەورەکان، واتا بەهۆی شوێنە جوگراف و پێگە ئابورییە گرنگەکەی کە هەیەتی و لە ئەنجامی بازرگانیکردنی شار و شارۆچکەکانی دەوروبەری کۆیە لەگەڵ کۆیە بەریەککەوتن دروست بووە، بێگومان بەهێزی پێگەی ئابوری کاریگەری زۆری هەیە لەسەر گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و زمان و ڕۆشنبیری هەمو شار و کۆمەڵگایەك، شاری کۆیەش لەو هاوکێشەیە بەدەر نەبووە(سالح، ٢٠١٩، 144).

٢-هۆکاری خۆدەرخستن: قسەکەر هەندێجار لە ڕێگەی بەریەککەوتنی شێوەزارەوە کەسایەتی خۆی دەردەخات، بۆ نمونە لەوانەیە لەبەرئەوە ئەو بەریەککەوتنە بکات، کە یەکێك لەم شێوەزارانە باڵاتر و خاوەن ناوبانگ و سەروەری خۆی بێت، بۆیە بۆ ئەو شێوەزارەی کە مەبەستیەتی باز دەدات (سلێوە و شوکر، ٢٠١٨ ، ٤٢). بۆ نمونە:

- لەگەڵم دێی بۆ بازاڕ.
- بەڵێ حەیاتم.(لەم نمونەیەدا قسەکەر وا خۆی دەردەخات، کە خەڵکی شاری کەرکوکە)

٣-هۆکاری کۆمەڵایەتی: هەروەکو دەزانین هەر کەسێك لەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژی کۆمەڵێك پەیوەندی جۆراوجۆر لەگەڵ دەوروبەریدا هەیە، ئەو پەیوەندییانەش تاك بە چەندین بازنەی کۆمەڵایەتی جیاواز دەبەستێتەوە، کە ئەمەش وا دەکات، ئاستێکی فراوان دروست بێت لەو کۆمەڵگایەدا و بەشدارە لە چالاکییە جۆراوجۆرەکانی زمانیدا، بەهۆی ئەمەوە دەبێتە خاوەن فەرهەنگێکی وشەی فراوان. هەرچەندە بازنەی پەیوەندییەکانی فراوانتر بێت، ڕادەی ڕۆشنبیری هەگبەکەی بە وشە و ئاستی بەکارهێنانیان لە بواری زمانی جۆراوجۆردا زیاتر و دەوڵەمەندتر دەبێت، کە هەر یەکێك لە ئێمە لایەنی کەم ئەندامین لە گوپێکی خێزان، یان سەندیکایەك، یان چینێکی پیشەگەر و هونەرمەندان و کاسبکار و پزیشکان و مامۆستایان...هتد، ئەمانە بە پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدرێت، کە بەهۆی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەوە زمانێکی هاوبەش لەنێوان ئەم چینانەدا دروست دەبێت، هەرچەندە تاکەکەس خۆی سەر بە چینێکی کۆمەڵایەتییە، بەڵام لەو کۆمەڵگا زمانییەدا دەژی خۆی شێوازێکی زمانی تایبەتی لە ئاخاوتندا هەیە، کە جیاوازە لە کەسانی تر، کە پێی دەگوترێت شێوەزاری تاکەکەس، هەر یەکێك لەو کۆمەڵە هەڵگری سیمای هاوبەشی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکەیە، کە ڕەنگدانەوەی لە شێوەزاری ئاخاوتنی ڕۆژانەیاندا دەردەکەوێت، کە بەم تایبەتییانەوە لە شێوەزاری ناوچەیەکی تر جیادەکرێتەوە، تاکەکانی شێوەزارێك یا زارێك بەپێی سیمای دەنگی و وشەییەکانەوە دەناسرێتەوە، کە خەڵکی کام شار و شارۆچکە و ناوچە و گوندە، واتە بە مەبەستی جێخۆشکردن و نزیکبونەوە و پاراستنی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی لەبار لە نێوان قسەکەر و گوێگرەکاندا بەریەککەوتن ڕوودەدات (فەتاح و قادر، ٢٠٠٨، ١٢٩).

لە سەرچاوەکاندا باس لە چەند لایەنێکی کۆمەڵایەتی کۆیە کراوە کە دەکرێت، لە بارەی شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی و مێژویی و کۆمەلایەتی ئەو سەردەمە سودی زۆریان هەبێت، وەك هۆکاری کاریگەری هاوسەرگیری ژن و پیاوی شێوەزار جیاواز، بێ گومان دایك و باوکی شێوەزاری جیاواز کاریگەرییان لەسەر منداڵ دەبێت، بەڵام زیاتر منداڵ زمانی دایکی بەسەریدا زاڵ دەبێت، چونکە ئەرکی بەخێوکردنی منداڵ زیاتر لەسەر شانی دایکە، وەك شیرپێدان و خاوێنکردنەوە و لاواندنەوە و هەڵگرتن و ...هتد، بۆیە زۆرجار دەبینین ئەگەر منداڵێك دایکی خەڵکی کۆیە بێت و باوکی خەڵکی هەولێر بێت، لە کاتی قسەکردندا زیاتر وشە و دەستەواژەکانی شێوەزاری دایکی بەکاردەهێنێ بۆ نمونە: منداڵەکە دەڵێ: (دەچمە ماڵی نەنکم) لە جیاتی ئەوەی بڵێ: (دەچمە ماڵی داپیرم)، یان بە پێچەوانەوە، ئەگەر

دایك هەولێری بێ و باوك خەڵكی كۆیە بێت، منداڵەكە زیاتر وشە و دەستەواژەكانی بە شێوەزاری هەولێر دەبێت بۆ نمونە: منداڵەكە دەڵێ: (شەقت لێدەدەم.) لە جیاتی ئەوەی بڵێ: (زلەت لێدەدەم.). هەروەها بەهۆی تێكەڵاوی و پەیوەندی كۆمەڵایەتی دانیشتوانی شاری كۆیە لەگەڵ برا مەسیحییەكانی ناوچەی توێژینەوە، بەریەككەوتنی زمان بەرچاودەكەوێت و چەند وشەیەكی سریانی لە شێوەزاری ئاخاوتنی كۆییان ڕەنگیداوەتەوە، بۆ نمونە لە كۆندا وشەی (پریقلێ: كرایەوە)، هاتۆتە ناو شێوەزاری كۆیە (برایم، ٢٠١٣، ٤٤ – ٤٥)، (قۆقەرە): پەرداخێكی گەورەیە لە فافۆن دروستدەكرێت و بنچینەی ئەم وشەیە سریانییە و (قەڕە) بە زمانی سریانی واتە ( كدو)، هەمان شێوەی ئەم پەرداخەی هەیە (هاوژین سلێوە عیسا، مامۆستای زانكۆ، چاوپێكەوتن، ٢٠٢٠/١/١٥) .

٤-هۆكاری ڕۆشنبیری و خوێندن: شاری كۆیە لە ڕوی ڕۆشنبیری و زانستییەوە بە تایبەت لە ڕوی خوێندن و خوێندەوارییەوە هەمیشە پێگەیەكی یەكجار بەرزی هەبووە، چونكە لە مێژوی ئەم شارەدا دەیان زانا و ئەدیب و ڕۆشنبیر و شاعیر هەڵكەوتون، شاری كۆیە مەڵبەندی ڕۆشنبیری و شوێنی ڕێزگرتنی هەموو خوێندەوارێكی دڵسۆز بووە.

لە ئێستاشدا بەهۆی بونی ژمارەیەك لە زانكۆ و پەیمانگای فەرمی و نافەرمی، كە بووە بەهۆی هاتنی ژمارەیەكی زۆری خوێندكاران و مامۆستایان لە شار و شارۆچكەكانی ترەوە، بێگومان ئەمەش كاریگەری هەیە لەسەر بەرزبونەوەی ئاستی زانست و ڕۆشنبیری لە ناوچەكەدا و بەریەككەوتنی زمان و زار و شێوەزارەكان لە ناوچەكەدا، بۆ نمونە لە زانكۆی كۆیە چەندین مامۆستا هەن كە خەڵكی شارەكانی تری كوردستانن و لەم زانكۆیە وانە دەڵێنەوە و چەندین ساڵە تێكەڵاوییان لەگەڵ خەڵكی كۆیە پەیداكردووە و ئەمەش هۆكار بووە بۆ ئەوەی كەوا شێوەزارەكان بەتێكەڵاوی بەكاربهێنن. قسەكەر خەڵكی شاری كەركوكە لەبری ئەوەی بڵێ: (مامر ئەكرم.) دەڵێ: (مریشك ئەكرم.).

٥-هۆكاری ڕامیاری: گۆڕانكاری و ڕوداوە سیاسییەكان لە مێژوی مرۆڤایەتی زۆرن، هەر ڕوداوێك لە زەمەنێكی جیاوازدا ڕودەدات جا بەهەر هۆكارێك بێت كاریگەری لەسەر كۆمەڵگای مرۆڤایەتی و زمان بەجێ دەهێڵێت، بێگومان هاتنی خەڵكی گوندەكانی دەوروبەری كۆیە بۆ شاری كۆیە، جا بە هەر هۆكارێك بێت، كاریگەرییان لەسەر شێوازی قسەكردنی هەم خەڵكی دانشتوانی ناو شاری كۆیە و هەم ئەو كەسانەی لە گوندەكانەوە هاتوون، هەبووە، هەروەها هەڵگیرسانی چەندین شەڕ لە ناوخۆی كوردستان، بووە هۆی كۆچكردنی سەدان ماڵ لە شارە جیاوازەكانی كوردستان، بۆ نمونە خەڵكی سنوری پارێزگای هەولێر بۆ سنوری پارێزگای سلێمانی كۆچیانكرد، هەروەها بە پێچەوانەشەوە، واتا خەڵكی سنوری پارێزگای سلێمانیش بۆ سنوری پارێزگای هەولێر كۆچیانكرد. بێگومان هاتنی خەڵكی پارێزگای هەولێر و نیشتەجێبونیان لە شارێكی وەك كۆیە كاریگەرییەكی بەرچاویان لە بەریەككەوتنی شێوەزاری قسەپێكەرانی ناوچەی توێژینەوە هەبووە، بەشێكی زۆری ئەو خەڵكانەی كە كۆچیان كردووە بۆ ئەم شارە تاوەكو ئێستاش ماونەتەوە. بۆ نمونە زۆر وشە و زاراوە هەیە سەرەتا كە تازە خەڵكی هەولێر هاتبوون بۆ شاری كۆیە لەوانەیە لێكدانەوەی بویستبایە بۆ گەیاندنی مەبەستی داواكەر لەوانە وەك: (فەرشە، بوز،...هتد)، چونكە لە كۆیە بە (فەرشە دەڵێن خوانە و بە بوز دەڵێن بەفر)، بۆیە ئەگەر داواكار بیگوتبایە فەرشەم بدێ، لەوانەیە داواڵێكراو نەیزانیبایە لەگەر خوانەیەتی، بەڵام كە دەیگوت فەرشەم بدێ نان دەكەم، دەیزانی داوای خوانە دەكات. بەڵام لە ئێستادا بەهۆی ئەو ماوە زۆرەی كە مانەوە لە شاری كۆیە ئەم جۆرە وشانە و زۆر وشەی تریش ئاساییە لای كۆییەكان .

هەندێكجار زارە ناوچەییەكە هەلی بۆ دەڕەخسێ بە بەردەوامی لەگەڵ زارێكی تردا بەریەك بكەون، لەو كاتەدا هەردوو زارەكە لە ململانێیەكی ناوخۆییدا بەگژ یەكتردا دەچن، ئەوا جیاوازییەكی زۆر لە شێوە و ڕوخسارەكانیان لە ململانێی زمانیدا ڕونادات، كەواتە زاڵبونی زارێك بەسەر زارێكی تردا وا دەكات زمانە جیاوازەكان بەئاسانی بەسەر یەكتریدا زاڵ بن، بۆ نمونە كاتێ بەهۆی ڕوخانی ڕژێمی پێشو و شەڕی داعشەوە ژمارەیەكی زۆر لە عەرەبەكانی ناوەڕاستی عێراق ڕویان لە هەرێمی كوردستان كرد و بەسەر شارەكاندا بڵاوبونەوە، بەڵام لەبەر كەمی ئەو ژمارەیە لە بەرامبەر دانیشتوانی شارەكانی هەرێم و بۆ پەیداكردنی ئیش و دەستكەوتی بژێوی ڕۆژانەیان ناچاربون پەیوەندی بە دانیشتوانی شارەكانەوە بكەن، لە كاتێكدا هەموو كەسێك زمانی عەرەبی نەدەزانی، بۆیە بەشێكی زۆریان ناچاربون بۆ دەستكەوتنی كارەكانیان فێری زمانی كوردی ببن، ئەویش بەهۆی كەمی ژمارەیانەوە لە كارەكاندا زمانەكەیان كەوتە ژێر كاریگەری زاری ناوچەكەوە، هەمان شت ڕودەدات كاتێك چەند خێزانێكی گوند ڕو لە شار یان ناوچەیەكی تر دەكەن و منداڵەكانیان تێكەڵ بە منداڵی شار یا ناوچە تازەكە دەبن، لەبەر كەمی ژمارەیان ناچار دەبن بچنە ژێر باری زاری ناوچەكەوە و زارەكەیان بگونجێنن لەگەڵ خەڵكی ناوچەكە، بۆ ئەوەی زارەكە یا شێوازەكەی سوكایەتی پێ نەكرێ (ڕەسوڵ، ٢٠١٩، 231)، كە ئەمەش لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی بەریەككەوتنی شێوەزارەكان.

٦-هۆكاری ئابوری و بازرگانی: لایەنی ئابوری یەكێكی ترە لەو هۆكارانەی كە دەبێتە هۆی بەریەككەوتنی شێوەزارەكان لە ناوچەی توێژینەوەدا، چونكە شاری كۆیە ناوچەیەكی گرنگی بازرگانی بووە، بازرگانیش یەكێكە لەم بوارە ئابورییانەی كە هەمیشە ڕۆڵی لە پێشكەوتنی كۆمەڵگا و ئاوێتەبونی زمان و دابونەریت و كەلتوری كۆمەڵگا جیاوازەكانی ناوچەی بازرگانی هەیە، بێگومان ئەمەش

دەبێتەهۆی بەریەککەوتنی زمان و زار و شێوەزارەکان، بۆ نمونە ئەگەر سەیری شاری کۆیە بکەین دەبینین ڕۆڵی دیار و بەرچاوی هەبووە لە ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەریدا، بۆ نمونە توتن لە ڕێگەی زێی بچوک و سلێمانییەوە گواستراوەتەوە بۆ بازاڕی بەغداد، هەروەها بەروبومەکانی شاری کۆیە بۆ ناوچەکانی پشدەر و بیتوێن و کەرکوك گواستراوەتەوە، ئەمەش وایکردووە بازرگانی ناوچەکە گەرموگوڕ بێت (مێجەرسۆن، ٢٠٠٧ ، ١٧٠ – ١٧١).

٧-هۆکاری ئاینی: کۆیە شارێکی فرەئاینی جیاوازە، بەدرێژایی مێژو خەڵکی ئەم شارە لەگەڵ ئەم جیاوازییانەدا هەڵیان کردووە و هیچ کێشە و توند و تیژییەك نەبووە، ئەمەش یەکێکە لە خاڵە جوانەکانی لایەنی ئاینی شاری کۆیە، بەدرێژایی مێژوی ئەم شارە موسڵمان و مەسیحی و جولەکەی تێدابووە، بە هەموویان وێنەیەکی جوانی پێکەوەژیانیان پێکهێناوە، فرەڕەنگی و جیاوازی ئاین و کەلتور و بیرکردنەوەی جیاوازی پێکهاتەی دانیشتوانی هەر شوێنێك کاریگەری دەبێت لەسەر گەشەی فەرهەنگی کەلتوری (ساڵح، ٢٠١٩، 143). بێ گومان ئەم فرەئاینییە لە ناوچەی توێژینەوەدا کاریگەری لەسەر بەریەککەوتنی زمان و شێوەزارەکان هەیە، بۆ نمونە وشەی (تەرەس) کە لە (تەرسا)ەوە هاتووە، کە بە مەبەستی جنێودان بەکاردێت، ئەم وشەیە زۆر کۆنە، تەرسا ڕێبەری ئاینی کۆنی کوردان بووە، کە ئاینی زەردەشتییە، دوای ئەوەی ئاینی ئیسلام لە کوردستان بڵاوبۆوە، بە چاوی سوك سەیری ڕێبەری ئاینی زەردەشتی کراوە، بۆیە ئەگەر ڕقیان لە کەسێك بێتەوە پێی دەڵێن (تەرەس)، (عبدلله و صابر، ٢٠١٩، ٢٤٥) .

٨-هۆکاری تەکنەلۆجی: هەروەك دەزانین لە سەردەمی ئێستاماندا تەکنەلۆجیا یەکێکە لە بوارە سەرەکییەکانی ژیان، هەروەها باڵی بەسەر ژیانی ڕۆژانەی زۆربەی مرۆڤەکان لە شوێنە جیاوازەکانی جیهاندا کێشاوە، زۆرترین کات و ساتی ژیانمان بە تەکنەلۆژیاوە خەریکین، بۆیە ئەگەر سەیربکەین دەبینین یەکێك لە هۆکارەکانی بەریەککەوتنی زمان و زار و شێوەزارەکان تەکنەلۆجیایە، واتە ئێمە کاتێك لە ڕێگای ئەنتەرنێتەوە کە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنین، بە مەبەستی پەیوەندیکردن و گۆڕینەوەی بیروڕا و هەواڵپرسین و یەکترناسین و بازرگانیکردن ...هتد لە نێوان تاکەکاندا لە شوێن و جوگرافیایی جیاوازدا، بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕینەوەی قسە لە نێوان زمان و زار و شێوەزاری جیاوازدا، کە لە ئەنجامدا بەریەککەوتنی زمان و زار و شێوەزارەکان ڕوودەدات، چونکە هەر ناوچە و شوێنێکی جوگرافی زمان و زار و شێوەزارێکی تایبەت بەخۆی هەیە، هەر بۆیە ئەگەر سەیری ناوچەی توێژینەوە، واتە شاری کۆیە بکەین، دەبینین نمونەیەکی زۆر دیار و بەرچاوە، چونکە کاتێك تاکێکی خەڵکی شاری کۆیە بیەوێت قسە لەگەڵ کەسێکی شاری کەرکوك، هەولێر، ڕانیە، سلێمانی، سۆران، تەقتەق، دوکان، سکتان و شەقڵاوەدا...هتد بکات، ئەوا ئەو شێوەزارەی کە بەکاری دەهێنێت، تێکەڵەیەك دەبێت لە شێوەزاری کۆیە و شێوەزاری ئەو ناوچانەی کە ناومان هێنان. بۆ نمونە دو هاوڕێ کاتێك بەیەکەوە قسەدەکەن، یەکێکیان خەڵکی کۆیەیە و ئەوی تریان خەڵکی سلێمانییە، بەم شێوەیەی خوارەوە قسەدەکەن و شێوەزارەکان تێکەڵدەکەن.

- سڵاو کوی برام. قسەکەر(خەڵکی کۆیە)
- بەساقەو بم ئەتو چۆنی؟ قسەکەر(خەڵکی سلێمانی)

١٠-هۆکاری گێڕانەوە و لاسایکردنەوە:قسەپێکەرانی زمان کاتێك بابەتێك دەگێڕنەوە، یان هەوڵ دەدەن لاسایی کەسێك بکەنەوە، کە تایبەتە بە ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو، هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدەن لە بواری لاسایکردنەوە و گێڕانەوە هەمان شێوەزاری ئەم ناوچە جوگرافییە بەکاربێنن، بۆ نمونە کەسێکی شاری کۆیە نوکتەیەك یان باسی دیاردەیەك لە دیاردەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی شاری هەولێر یان سلێمانی یان هەر شارێکی تر دەگێڕێتەوە، هەوڵ دەدات بە شێوەزای ئەم ناوچانە بابەتەکە باس بکات.

## 3. بەشی سێیەم

### بەریەککەوتنی شێوەزارەکانی زاری کرمانجیی ناوەڕاست لە شاری کۆیەدا:

لەم بەشەدا بەشێوازی پراکتیکی نمونەمان هێناوەتەوە و بەریەککەوتنی شێوەزارەکانمان لە چوارچێوەی نمونەکاندا خستۆتەڕو، لە هەر سێ ئاستی دەنگسازی و مۆرفۆلۆجی و فەرهەنگ و ڕستەسازی دا، زۆرجار لە زۆر باردا قسەکەر تەنیا پێویستی بە واژە و ڕێزمانی یەك تاکە زمان دەبێت، لەبەرهەمهێنانی گوتندا، بەبێ ئەوەی پەنا بەرێتە بەر کەرەسەی زمانێکی تر، بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی، بەڵام مەرج نییە هەمیشە ئەم گوتنانەی لەم جۆرەن لە یەك زار یان شێوەزار سەرچاوە بگرێت، گوتنی وا هەیە، کەرەسەکانی زیاتر لە شێوەزارێك لەخۆ دەگرێت، بەریەککەوتنی شێوەزارەکان لە گشت ئاستەکانی زماندا بەرچاو دەکەوێت، بەڵام لە ئاستی ڕستەسازیدا لە هەموو ئاستەکانی تر ڕونترە، ئێمە لەم توێژنەوەیەدا بەپێی توانامان نمونە بۆ ئەو ئاستانەی زمان دێنینەوە.

### 1.3. بەریەککەوتنی شێوەزارەکانی زاری کرمانجیی ناوەڕاست لە شاری کۆیەدا لە ئاستی دەنگسازیدا:

لەم ئاستەی زماندا بەریەککەوتنی شێوەزارەکان لە بەکارهێنانی فۆنیمەکانی زاری کرمانجی ناوەڕاستدا ڕوودەدات، هەروەکو دەبینین لە سنوری ڕۆژهەڵاتی کۆیەدا گوندەکانی بناری چیای هەیبەت سوڵتان لە تیمارۆکەوە تا دەچێتە کڵێسەی دەم زێی بچوك، لە خواروش بۆ شارۆچکەی تەقتەقی سەر بە شاری کۆیە، واتە سنوری کارگێڕی

نێوان کەرکوك و کۆیە، ئامرازی (بۆ) بەکاردەهێنن لە ئاخاوتنەکانیاندا، چ بە مەبەستی پرس، یا وەك بەستنەوەی ناوی شوێنێك، هەرچەندە شەپۆلی بەکارهێنانەکانی (بۆ) بە بنارەکەدا لە هەندێك شوێن دەپچڕێ، بە باکوری شارەکەدا بەرەو ڕۆژئاواش درێژدەبێتەوە بۆ گوندەکانی تەکەوڵ، گورزەبیان، کێلەسپی، گۆپتەپە و شاخەپیسکە، بەڵام ناو شار دەڵێن: (لۆ)، ((بە ڕای من بەکارهێنانی (لۆ) پێشتر لە واژەی (لەبۆ)وە کەوتۆتەوە))، (ڕەسوڵ: ٢٠١٩: ٢٣٤)، کە بە لادانی (ب) دو بزوێنی (ە ، ۆ) دەکەونە تەنیشت یەك، ئەمەش بەپێی یاساکانی دەنگسازی زمانی کوردی ((ئەگەر دوو بزوێن کەوتنە پاڵ یەك و یەکێکیان کورت و ئەوی تریان درێژ، کورتەکە دەتوێتەوە))، (ئەمین، ٢٠٠٩، ٣٠٨)، بەم شێوەیە فۆرمی (لۆ) وەردەگرێت، کە هەندێ جار، فۆرمە کۆنەکەی (لەبۆ) لە هەندێ ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵك بەکاردەهێنرێت، وەك: لەبۆچە؟ لە جیاتی، لۆچە؟ یان: ئەو کتێبانەم لەبۆ تو هینایە. لەجیاتی: ئەو کتێبانەم لۆ تو هینایە. هەروەها لە هەندێ شیعری شاعیرانی کۆیەشدا بەرچاودەکەوێت، وەك: سامی عەودالْ دەڵێ:

تا بزانێ غەرقی خوێنە، کێ حەقی وی خواردووە؟

با لەبۆ حەق خوێن بڕێژێ، دەرچی دوژمن تا زووە (حەمەدبەگ، ٢٠١٥، ٢٠)

ئەگەر نمونەیەکی تری دەنگی وەربگرین لە هەمان ئەو ناوچانەدا، وەك: دەنگی (ڵ) لەناو شاردا بە (ڕ)ی سوك گۆدەکرێت، بەڵام لەو سنورانەدا بە دەنگی (ڵ) گۆدەکرێت، ((سیمای بەرنەرمەدان لە هەندێ زاردا کەڵکی لێ وەرناگیرێ، بۆ نمونە: (زاری کۆیە و هەولێر)، بەڵام لە هەندێکی تردا وەك (سلێمانی) بەرنەرمەدانی دەنگە شلەکان (ل ، ر) سیمای جیاکردنەوەی پەلە، پەڵە، برین و بڕینە))، (فەتاح، ٢٠١١، ٧٣). ئەم دیاردەیە سیمای تایبەتی شێوەزاری کۆیەیە، کە تا بە سنوری لای هەولێردا بڕۆی ئەو جیاوازییانە بەرەبەرە کەمدەبنەوە، پاشان دەتوانین هێڵێك لەسەر نەخشە بکێشین، لە ئەم دو ناوچەیە و نێوانگری سنوری نێوان ئەو ناوچانە دیاری بکەین، کە یەك جۆرە وشەی زمانیی تایبەت بەکاردەهێنن، ئەو هێڵەی کە لەسەر نەخشە دەکێشرێت و ناوچەکان لەیەکتر جیادەکاتەوە، سنوری جیاکەرەوەیە، کاتێك ئێوە لە سنوری جیاکەرەوە دەپەڕنەوە، لە ڕاستیدا لە ناوچەیەکی زاری دەچنە ناوچەیەکی زاری تر، هەندێ کات چەند سنورێکی جیاکەرەوە لەسەر یەك جوت دەبن، کە بەزۆری لە سنوری سیاسی، یا سنوری سروشتی وەك ڕوبارێك یا زنجیرە چیایەکە، زمانەوانان ئەم جۆرە پۆلینانە بە کۆمەڵە سنوری جیاکەرەوە ناو دەبەن، بەم جۆرە کۆمەڵێك زاری تایبەتی ناوچەیەك دروست دەبێت (فرامکین و دیگر: ٢٠٠٩: ٥٢٨)، ئەو جیاوازییانەی شێوەزارەکان لەیەکتر جیادەکاتەوە، تایبەتمەندییە دەنگسازی و وشەییەکانە، کە دەبێتە ناسنامە و مۆرکی ناوچەکە، هەروەکو دەبینین لە شێوەزاری کۆیەدا بەریەککەوتن ڕودەدات لە نێوان ئەم فۆنیمانەدا لە کاتی ئاخاوتندا، بۆ نمونە قسەکەر خەڵکی شاری (کەرکوك)ەو لە کۆیە دەژی دەڵێ: (باوکت کەی لە مارێیە. ) لێرەدا لەجیاتی فۆنیمی (ڵ)، فۆنیمی (ڕ)ی سوك بەکاردەهێنێت، هەروەها کاتێك قسەکەر خەڵکی شاری (هەولێر)ە و لە کۆیە دەژی دەڵێ: (من دەچمە زانکۆ وانە دەخونم.)، لێرەدا لەجیاتی فۆنیمی (ی) بەکاربهێنێت لە کاری ڕستەکەدا و بڵێت (دەخینم)، فۆنیمی (و)ی بەکارهێناوە، کە تایبەتە بە ناوچەی توێژینەوە، هەروەها کاتێك قسەکەر خەڵکی شاری (سلێمانی)یە و لە کۆیە دەژی دەڵێ: (من خانییەکەم کڕی.)، لێرەدا لەجیاتی فۆنیمی (و) بەکاربهێنێت لە کاری ڕستەکەدا و بڵێت (خانو)، فۆنیمی (ی)ی بەکارهێناوە، کە تایبەتە بە ناوچەی توێژینەوە .

## 2.3. بەریەککەوتنی شێوەزارەکانی زاری کرمانجیی ناوەڕاست لە شاری کۆیەدا لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا:

بەریەککەوتنی مۆرفۆلۆجی لە نێوان شێوەزاری کۆیە و شێوەزاریەکانی تری زاری کرمانجی ناوەڕاستدا بەرچاو دەکەوێت، وەك دەبینین جێناوە کەسییە سەربەخۆکان لە شێوەزاری کۆیە بریتین لە کۆمەڵەی یەکەم (ئەمن– ئەمە، ئەتو – ئەنگۆ ، ئەو – ئەوان)، کۆمەڵەی دووەم (من — مە، تو — نگۆ ، وی — وان)، بەڵام ئەگەر سەیری شێوەزاری سلێمانی و کەرکوك بکەین، دەبینین یەك دەستە جێناوی کەسی سەربەخۆ هەیە کە بریتییە لە (من — ئێمە ، تۆ — ئێوە ، ئەو — ئەوان)، بۆیە لە کاتی ئاخاوتندا بەریەکەوتنی ئەم جێناوانە ڕودەدات لە نێوان ئەو قسەکەرانەی کە لە شاری کۆیەدا دەژین جا خەڵکی کۆیە بن، یان بە هەر هۆکارێکی تر هاتبن بۆ کۆیە و تێیدا بژین .

- ئەتو بەقەد من دەبی. (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری کەرکوك و کۆیە)
- ماڵی نگۆ. (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری سلێمانی و کۆیە)
- ئەمە ئاش دەخۆین. (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری کەرکوك و کۆیە)
- قەڵەمی ویم لە لا نییە. (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری سلێمانی و کۆیە)
- مۆبایلەکەی ئینگۆ(ئەنگۆ) گرانبەهایە. (بەریەککەوتن لە نێوان قسەکەرانی خەڵکی بەردەڕەش و کۆیە)

هەروەها لە جێناوی نیشانەشدا ئەم بەریەککەوتنە ڕودەدات لە نێوان شێوەزارەکاندا لە شاری کۆیەدا، وەك لەم ڕستانەی خوارەوەدا دەبینین:

- کاك ڕێبوار کوی؟ ئەگەر بزانی ماری کاك دەوەن کامەیە؟

- سڵاو چۆنی کاك ڕێباز، هۆوەتانێ ماڵی کاك دەوەنی. (بەریەککەوتن لە نێوان قسەکەری سنوری ڕۆژهەڵاتی دەشتی کۆیە(گوندی بۆگد) و کۆیە)
- هەرونە ئێراهێ گەمەی بکەن. (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری باڵەکایەتی و کۆیە)

هەروەها لە جێناوی هەیشدا ئەم بەریەککەوتنە ڕودەدات لە نێوان شێوەزارەکاندا لە شاری کۆیەدا، وەك لەم ڕستانەی خوارەوەدا دەیبینین:

- ئەو خانییانە هی نەخۆنە. (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری باڵەکایەتی و کۆیە)
- پورێ گیان ئەو کراسە ئی(هی) مەیە. (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری بیتوێن و کۆیە)

### 3.3. بەریەککەوتنی شێوەزارەکانی زاری کرمانجیی ناوەڕاست لە شاری کۆیەدا لە ئاستی ئاستی ڕستەسازی و فەرهەنگ(لێکسیك):

بەریەککەوتنی لە ئاستی ڕستەسازی و فەرهەنگیشدا لە نێوان شێوەزاری کۆیە و شێوەزاریەکانی تری زاری کرمانجی ناوەڕاستدا بەرچاو دەکەوێت، زار و شێوەزارەکان لەژێر کاریگەری فیزیکی و دەوروبەر و کۆمەڵایەتیدا دیاردەی جیاواز لەنێوانیاندا بەدی دەکرێت، لەناو شێوەزارەکانی کرمانجی ناوەڕاستدا جیاوازی فەرهەنگی و بەریەککەوتن و ئاڵوگۆڕکردن لەزۆر وشەدا بەدی دەکرێت لە چوارچێوەی وشە و ڕستەدا، لە ژێر کاریگەری هەر هۆکارێکدا بێت، وەك ئەم نمونانەی خوارەوە:

- ئێوارێ ناوسێریمان(زرۆبی) هەیە. (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری هەولێر و کۆیە)
- شیشۆقەکە(شوشە) چوە پای. (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری کەرکوك و کۆیە)
- واریم(دەرێم) برۆ سەر خانی. (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری باڵەکایەتی و کۆیە)
- مندارەکە سەری بە خوینە(خونە). (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری خۆشناوەتی و کۆیە)
- دە بەرت مرم(لۆت بمرم) کاك ڕەوەند. (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری پشدەر و بیتوێن و کۆیە)
- دە(لە) مەنتیقەی مە ئاو زۆرە. (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری چۆمان و کۆیە)
- بادیم(جامم) لۆ بینە. (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری باڵەکایەتی و کۆیە)
- پلکم(میمکم) زۆر خۆشدەوێت. (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری کەرکوك و کۆیە)
- دە بۆ(لەبەرچی) ئەوەندە ڕەشبینی کاك دەرباز. (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری پشدەر و بیتوێن و کۆیە)
- مەجمەکە(سینییەکە) بشۆ. (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری باڵەکایەتی و کۆیە)
- کەترەکەم(کترییەکەم) لۆ بهینە. (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری خۆشناوەتی و کۆیە)
- یا سەیران زووی(زوو) وەرەوە. (بەریەککەوتن لە نێوان قسەکەرانی خەڵکی بەردەڕەش و کۆیە)
- قاپەکان داسڕە(خاوێنکەوە). (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری خۆشناوەتی و کۆیە)
- ئی هەندێیە(ئی ئەوەیە) ددانم دێشی. (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری چۆمان و کۆیە)
- دایە ئەو جاجگەم(بنیشتەم) کڕییە. (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری کەکوك و کۆیە)
- دەگەڵم(لەگەرم) وەرە بۆ هەولێر. (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری پشدەر و بیتوێن و کۆیە)
- ئەو نخوانجەیەم (سینییەم) هینایە. (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری باڵەکایەتی و کۆیە)
- یەك گوش(فەردە) برنجم کڕییە. (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری هەولێر و کۆیە)
- یەك پێشخۆر(بەلەم) برنجی خوارد. (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری چۆمان و کۆیە)
- ئەو شامییەی(شوتییەی)ئەوڕۆ سۆر سۆر بوو. (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری کەرکوك و کۆیە)
- ئەتو کەنگێن تێیەوە(دێیەوە)؟ (بەریەککەوتن لە نێوان قسەکەرانی خەڵکی بەردەڕەش و کۆیە)
- کو(چۆن) هاتوی بۆ ئێرە؟ (بەریەککەوتن لە نێوان قسەکەری سنوری ڕۆژهەڵاتی دەشتی کۆیە(گوندی بۆگد) و کۆیە)
- گوزمان(گوێزمان) نەماوە. (بەریەککەوتن لە نێوان قسەکەری سنوری ڕۆژهەڵاتی دەشتی کۆیە(گوندی بۆگد) و کۆیە)
- سەرینەکەم(بالیفەکەم) بدەیە. (بەریەککەوتن لە نێوان قسەکەری سنوری ڕۆژهەڵاتی دەشتی کۆیە(گوندی بۆگد) و کۆیە)
- ئەو مراکەم(کەوچکەم) بۆ بهێنە. (بەریەککەوتن لە نێوان قسەکەری سنوری ڕۆژهەڵاتی دەشتی کۆیە(گوندی بۆگد) و کۆیە)
- بەتۆبزی(بەخورتی) ئەمنیان برد. (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری هەولێر و کۆیە)
- لەناو (لەدوپ) دەویدا. (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری هەولێر و کۆیە)
- کا لاکەوە(لاکۆ). (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری هەولێر و کۆیە)

- ئێستا(هەنکە) دێم. (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری هەولێر و کۆیە)
- لەگەڵ داکم(دایکم) ئاشەخۆم. (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری کەرکوك و کۆیە)
- بابە دەچینە بازاڕی جلە کرم(جلك دەکڕم). (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری کەرکوك و کۆیە)
- دگانم(دانم) گەلە(زۆر) دێشی. (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری کەرکوك و کۆیە)
- حەزدەکەم لەگەر(لەگەڵ) دەوەن بچم بۆ مەلەوان(مەلەوانی). (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری کەرکوك و کۆیە)
- ئەوڕۆ خۆمەشۆم. (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری کەرکوك و کۆیە)
- ئەوانە هیچ (چ) نینە. (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری باڵەکایەتی و کۆیە)
- نانی دەکەین (یەکەین). (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری باڵەکایەتی و کۆیە)
- دەرکەکە دابخە (گارەدە). (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری باڵەکایەتی و کۆیە)
- مامۆستا سەرهەد کتێبەکەم وێدۆ(بدەوە). (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری باڵەکایەتی و کۆیە)
- ئەرێم(دەرێم) برۆ هەولێرێ. (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری باڵەکایەتی و کۆیە)
- قویلم(قۆرم) دێشی. (بەریەککەوتن لە نێوان قسەکەرانی خەڵکی بەردەڕەش و کۆیە)
- سحکە(سەیرکە) چەند خێرایە. (بەریەککەوتن لە نێوان قسەکەرانی خەڵکی بەردەڕەش و کۆیە)
- شۆلم(ئیشم) دەست ناکەوێت. (بەریەککەوتن لە نێوان قسەکەرانی خەڵکی بەردەڕەش و کۆیە)
- سەر حەردوك(هەردو) چاوی من هاتی. (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری پشدەر و بیتوێن و کۆیە)
- ئیشێکم بۆ دیتویەوە(دیتیتییەوە). (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری پشدەر و بیتوێن و کۆیە)
- عەینی بە بابت چویەوە(دەچی). (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری پشدەر و بیتوێن و کۆیە)
- ئەو پارەم لەبۆیە(لۆیە) لێ وەرگرتی، کارم پێیەتی(ئیشم پێیە). (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری پشدەر و بیتوێن و کۆیە)
- نەنێم(نەنکم) لاقی شکاوە. (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری چۆمان و کۆیە)

لەم نمونانەی سەرەوەدا هەرچەندە لە ئاستی سینتاکسدا جیاوازییەکی زۆر کەم بەدی دەکرێت، لەگەڵ شێوەزارەکانی تری زاری کرمانجی ناوەڕاست، بەڵام لە ڕوی دۆخەوە شێوەزاری کۆیە تا ئێستاش تایبەتمەندی خۆی هەیە و مۆرفیمی دۆخ (ێ) بۆ ڕەگەزی مێ و (ی) بۆ ڕەگەزی نێر لە هەندێ باردا بەکاردەهێنێت، ئەمەش وا دەکات، کە ئەو قسەکەرانەی کە لە کۆیە دەژین و خەڵکی ئەم شارە نین لە بنەڕەتدا، ئەم مۆرفیمانە لە چوارچێوەی شێوەزاری خۆیاندا بەکاربهێنن، بەمەش بەریەککەوتن ڕودەدات، هەروەکو لەم نمونانەی خوارەوەدا.

- ئەو نخوانجەیەم (سینییەم) لۆ نەسرینێ هینایە. (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری باڵەکایەتی و کۆیە)
- یەك گوش(فەردە) برنجم لە ئازادی کڕییە. (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری هەولێر و کۆیە)
- وا بۆ خۆم گەمەی دەکەم. (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری کەرکوك و کۆیە)
- میمکم لە ژورێ نوستییە. (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری کەرکوك و کۆیە)

هەروەها لە ئاستی سینتاکسدا کاتێك ئاوەڵکاری کاتی بەکاردەهێنین لە شێوەزاری کۆیەدا، زۆرجار مۆرفیمی (کە) وەك مۆرفیمی جەختکردنەوە و دیاریکردن لەگەڵ ئاوەڵکارەکە بەکاردەهێنین، ئەمەش وا دەکات، کە ئەو قسەکەرانەی کە لە کۆیە دەژین و خەڵکی ئەم شارە نین لە بنەڕەتدا، بەم جۆرە ئاوەڵکارەکە بەکاربهێنن، بەمەش بەریەککەوتن ڕودەدات، وەك لەم نمونانەی خوارەوەدا دیارە:

- باوکە ئەوشۆکە بۆ تۆپانێ ئەچین. (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری سلێمانی و کۆیە)
- پێرارەکە دەگەڵ محەمەدی چوین بۆ ئێرانێ. (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری بیتوێن و کۆیە)

بەڵام ئەگەر ئاوەڵکارە کاتییەکە مۆرفیمی جەختکردنەوەی لەگەڵ نەبێت، ئەوا مۆرفیمی (ێ)ی دۆخی مێی لەگەڵدا دەبێت، وەك:

- پارشێویێ بانگم بکە بۆ نانخواردن. (بەریەککەوتن لە نێوان شێوەزاری سلێمانی و کۆیە)

لە شێوەزاری کۆیەدا تاکە جیاوازی لە کاری ڕستەدا تەنها لە کاری ڕابردوی تەواو دایە، کە ئەسپێکتی (یـ...ە/ یتە) لەبری ئەسپێکتی(وە/ووە)ی زاری نوسین بەکاردێت. مۆرفیمی ئێستای تەواو (وە) گۆڕاوە بۆ (یە)، هەندێ جاریش (یت) بەکاردێت. هەردو مۆرفیمی (یت ، یە) ئەلۆمۆرفیمی نیشانەی ڕانەبردوی تەواون (حەمەد، ٢٠١٣، ١٢٥)، وەك:

میوانەکان هاتیتنە ژوری کۆبونەوەکە. (شێوەزاری کۆیە)

میوانەکان هاتونەتە ژوری کۆبونەوەکە. (شێوەزاری سلێمانی)

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا دەگەینە ئەم ئەنجامەی کە بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی توێژینەوەکەمان بدەینەوە، شێوەزاری کۆیە بۆیە وەکو چەقی بەریەککەوتنی شێوەزارەکانی زاری کرمانجی ناوەڕاست هەڵبژێردراوە، لەبەرئەوەی شاری کۆیە بە پێی یەکێك لە تیۆرەکانی بڵاوبونەوەی زار و زمانەکان کە بە تیۆری شەپۆڵەکان ناسراوە تا ڕادەیەکی زۆر بە چەق و شوێنی بەریەککەوتنی شێوەزارەکانی دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست دادەندرێت، واتا هەڵکەوتە و سنوری جوگرافیای ناوچەکە ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە و دەکەوێتە ناو چەند شێوەزارێکەوە، کە لە ئەنجامدا ئەم شێوەزارانە لەگەڵ یەکتردا کارلێك دەکەن و بەریەککەوتن ڕوودەدات.

هەروەها گەیشتین بەو ئەنجامەی کە کاریگەری شێوەزاری هەولێر لەسەر شێوەزاری کۆیە زۆر ژیاترە لەچاو شێوەزارەکانی تر، چونکە لە زۆر بارودۆخی جوگرافی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی پەیوەندی نێوان ئەم دو شێوەزارە زۆر بە ڕونی دەردەکەوێت، هەروەکو لە هۆکار و نمونەکانی پێشودا ئاماژەمان پێداوە، هەروەها بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە واتە شێوەزاری کۆیەش کاریگەری زیاتری لەسەر شێوەزاری هەولێرە لەچاو شێوەزارەکانی تر.

## 4. ئەنجام

1. شێوەزاری کۆیە ناوچەیەکە سیمای جۆراوجۆری زمانی تێدایە، لەنێو زمانی کوردیدا، کە خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکی خۆیەتی لە ئاستەکانی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و فەرهەنگەوە، کە ئەمەش سیمای شێوەزارەکە دەردەخات، ئەمە سەرەڕای ئەو هاوبەشییەی کە لەگەڵ شێوەزارەکانی تری زاری ناوەڕاستدا هەیەتی.
2. لە نێو نەخشەی زمانی کوردیدا بەپێی ئەو پۆلێنانەی کە کراون، ئەم شێوەزارە سەر بە شێوەزاری سۆرانییە، لە دیالێکتی ناوەڕاست، کە هاوسنورە لەگەڵ شێوەزارەکانی خۆشناوەتی و بابانی و گەرمیانی و هەولێری، کە ئەمەش وای کردووە کە هەریەك لەم شێوەزارانە کاریگەرییان لەسەر هەبێت، کە کاریگەری شێوەزاری هەولێر لەسەر شێوەزاری کۆیە زۆر ژیاترە لەچاو شێوەزارەکانی تر، چونکە لە زۆر بارودۆخی جوگرافی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی پەیوەندی نێوان ئەم دو شێوەزارە زۆر بە ڕونی دەردەکەوێت، هەروەکو لە هۆکار و نمونەکانی پێشودا ئاماژەمان پێداوە، هەروەها بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە واتە شێوەزاری کۆیەش کاریگەری زیاتری لەسەر شێوەزاری هەولێرە لەچاو شێوەزارەکانی تر.
3. لەم توێژینەوەیەدا ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە شێوەزاری کۆیە هەڵگری سیمای هەمو ئەو شێوەزارانەیە کە کاریگەرییان لەسەری هەیە.
4. بەریەککەوتنی شێوەزارەکان بە واتای تێکەڵکردنی دوو شێوەزار یان زیاتر دێت لە کاتی قسەکردندا، ئەمە دیاردەیەکی بڵاوە لەم ناوچانەی کە بونەتە چەقی چەند شێوەزارێك، وەك شێوەزاری کۆیە، کە چەقە بە پێی تیۆری شەپۆڵەکان، شێوەزارەکانی تر پەڕیونەتەوە ناو شێوەزاری کۆیە بە هۆی هۆکاری سیاسی و جوگرافی و مێژویی و کۆمەڵایەتی و بازرگانی و بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری...هتد، کە هەمیشە ئەم شارە بەهۆی ئەم هۆکارانەوە خەڵکی ناوچەکانی تری سەر بە زاری کرمانجی ناوەڕاست ڕویان تێکردووە و ئەمەش بە ڕونی لە زمانی قسەپێکەراندا دیارە.
5. هەروەك چۆن لەم جیهانەدا هیچ زمانێك نییە، کە بەتەواوی پاراو بێت، کە تەنها بە وشە و دەستەواژەکانی خۆی کارەکانی ڕاپەڕێنێت، بەڵکو بەشێوەیەکی نائاگا زمانەکان سود لەیەکتر وەردەگرن و زمانەکان تێکەڵدەبن، بەهەمان شێوەش لە نێوان زار و شێوەزارەکانیش بەریەککەوتن ڕوودەدات و سود لەیەکتر وەردەگرن جا بەهەر هۆکارێك بێت.

## 5. لیستی سەچاوەکان

ئەحمەد، عەبدولمەناف ڕەمەزان ، ٢٠٠٩، ئەتڵەسی زمان هەرێمی کوردستانی عێراق بە نمونە، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

ئەمین، وریا عومەر، ٢٠٠٩، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

الخولی، محمد علی ، ٢٠٠٠، مدخل الی علم اللغه، دار الفلاح للنشر والتوزیع، عمان — اردن .

بەرزنجی، فەرەیدوون عەبدوول — قادر، سەباح ڕەشید، ٢٠١٣، بڵاوبونەوەی زار و زمانەکان لەژێر ڕۆشنایی تیۆری شەپۆڵەکاندا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٢٦، هەولێر، حاجی هاشم.

بکر، بنار عبدالخالق، ٢٠١٦ ، بەگەڕخستنی ژینگەی سروشتی زێی بچووك لە قەزای کۆیە بۆ لایەنی ئابووری، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە (٧) ، بەرگی سێ.

گیب، جەمال فتح الله ، 2005، کۆیە (١٩١٨ – ١٩٥٨)، نامەی ماستەر، بەشی مێژوو، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، سلێمانی.

حەمەدبەگ، جەواد، ٢٠١٥، بەشێکی تر لە شیعرەکانی سامی عەوداڵ، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەنجەرە.

حەمەد، یارا قادر، ٢٠١٣، مۆرفۆسینتاکس لە شێوەزاری کۆیەدا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

خورشید، فوئاد حەمە، ٢٠٠٨ ، زمانی کوردی و دیالێکتەکانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، چاپی یەکەم، ، سلێمانی.

ڕەسول، صلاح حوێز ، ٢٠١٩، هەندێ لەو مۆرك و تایبەتمەندییانەی شێوەزاری کۆیە، کە کۆییەکانی پێ دەناسرێتەوە، توێژینەوەکانی کۆنفرانسی نێودەوڵەتی کۆیە لە ڕەوتی شارستانییەتدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

ساڵح، ئاراس محەمەد، ٢٠١٩، بزاڤی خوێندن و زانستی شاری کۆیە لە سەدەی نۆزدە، توێژینەوەکانی کۆنفرانسی نێودەوڵەتی کۆیە لە ڕەوتی شارستانییەتدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

سڵێوە، هاوژین — شوکر، شادان، ٢٠١٨، ئاوێتەبونی زمانی کوردی و سریانی لە شاری کۆیە، چاپی یەکەم، هەولێر.

شارەزا، کریم،1997، لمحە عن تأریخ کویسنجق وانحائها، زاگروس " مجلە "، العدد (1)، اربیل، أژار.

عەلی، بەکر عومەر – ئەمین، شێرکۆ حەمە، ٢٠٠٦، زار و شێوەزار، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

عبدللە، ڕۆژان نوری – صابر، شادان شکر، ٢٠١٩، فەرهەنگی بەساڵاچووان لە شێوەزاری کۆیەدا، توێژینەوەکانی کۆنفرانسی نێودەوڵەتی کۆیە لە ڕەوتی شارستانییەتدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

غەفور، عەبدوڵڵا، 2002 ، فەرهەنگی جوگرافی کوردستان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

فەتاح، محەمەد مەعروف – قادر، سەباح ڕەشید ، ٢٠٠٨، زمانتێکەڵکردن لە ئاخاوتندا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٩ ، چاپخانەی خانی، هەولێر.

فەتاح، محەمەد مەعروف، ٢٠١٠، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنەوەی: شێروان حسێن خۆشناو و شێروان میرزا قادر،چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

فەتاح، محەمەد مەعروف ، ٢٠١١، زمانەوانی،چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

فرامکین، ویکتوریا، رادن، رابرت، هایمز، نینا، ٢٠٠٩، در ێمدی بر زبان، ترجمە: د. علی درزی، چاپ و صحافی مهر، قم.

گۆرانی، عەلی سەیدۆ، 2000، لە عەمانەوە بۆ ئامێدی، و: تاڵیب بەرزنجی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،.

مێجەرسۆن، ٢٠٠٧، سلێمانی ناوچەیەك لە کوردستان، و: مینە، چاپی یەکەم، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.

نێڵدە، پیەتر هانز ، ٢٠١٠، ململانێی زمان، و: هۆشەنگ فاروق، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ١٥ ، هەولێر، چاپخانەی سپیرێز.

نۆردنستام، کریستین ، ٢٠٠٩، زمان لە ڕوانگەی ڕەگەزەوە، و: غازی عەلی خورشید، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

Barbara E. & Toribo E. (2000), the Cambridge handbook of linguistic code-switching. Cambridge university press.

Bauer, Lauer, 2007 , The Linguistics, Students Handbook, Edinburgh University Press Ltd.

Blom, J. & gumperz, J. (1972) Social meaning in linguistics structure: code – switching in Norway. New york: holt, Rinehart and Winston.

Celik, Stroud (2003). Teaching vocabulary through code-mixing. ELT Journal, 57(4).

Crystal, D. (2008), A Dictionary of Linguistics and Phonetics, Blackwell Publishing: Oxford.

Fishman, Joshua. 1967. "Bilingualism with and without Diglossia; Diglossia with and without Bilingualism." Journal of Social Issues 23(2).

Gumperz, J. (1964) Linguistics and social interaction in two communities. Stanford: Stanford university press.

poplack, S. (1983) department of linguistics (code switching). Berlin: Mouton de Gruyter.

Scotton, M. (2002), contact linguistics. Bilingual encounters and grammatical outcomes. Oxford: oxford university press.

Trudgill, (1996). Dialects in contact. Oxford: Blackwell Spring 2006 Issues in EFL Vol.4 No.1.

Yule, George, (2006), The Study of Language, Third edition, Cambridge University Press.

**سەرچاوەی ئینتەرنێتی:**

(http://en.wikipedia.org/Dialect (15/8/2008, 16:19)

**چاوپێکەوتن:**

ئارام جەعفەر عومەر (خەڵکی شاری کەرکوکە و سێزدە ساڵ دەبێت لە کۆیە ژیان بەسەر دەبات)، فەرمانبەر لە پەیمانگای تەکنیکی کۆیە، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٠/١/٢٦.

پەرژین سعید قادر (خەڵکی سنوری باکوری ڕۆژهەڵاتی کۆیە(گوندی گردگۆران)ی سەر بە ناحیەی سکتانە و سی و پێنج ساڵ زیاترە لە کۆیە ژیان بەسەر دەبات)، ژنی ماڵەوە، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٠/٤/١٢.

حەمەدەمین حەمەد مسەتەفا(خەڵکی سنوری باکوری ڕۆژهەڵاتی کۆیە(گوندی گردگۆران)ی سەر بە ناحیەی سکتانە و سی و پێنج ساڵ زیاترە لە کۆیە ژیان بەسەر دەبات)، کاسب، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٠/٤/١٠.

دیاری عەبدوڵا حەمەد (خەڵکی شاری ڕانیەیە و حەوت ساڵە لە کۆیە ژیان بەسەر دەبات)، کاسب، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٠/٣/١١ .

ڕەشید قادر (خەڵکی سۆرانە و دە ساڵ دەبێت لە کۆیە ژیان بەسەر دەبات)، مامۆستا لە زانکۆی کۆیە، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٠/٢/٢٨.

سافیە محەمەد (خەڵکی چۆمانە، سێزدە لە کۆیە ژیان بەسەردەبات)، مامۆستا لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کۆیە، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٠/١/٣٠.

سەنگەر نازم حسێن (خەڵکی شاری هەولێرە و چواردە ساڵ دەبێت لە کۆیە ژیان بەسەر دەبات) ، مامۆستا لە زانکۆی کۆیە، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٠/٣/١.

شەمام حەمەد احمد (خەڵکی شاری کەرکوکە و سی ساڵ زیاترە لە کۆیە ژیان بەسەر دەبات)، فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کۆیە، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٠/٢/٢٥.

عومەر مەحمود کەریم (خەڵکی شاری هەولێرە و حەڤدە ساڵ دەبێت لە کۆیە ژیان بەسەر دەبات) ، مامۆستا لە زانکۆی کۆیە، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٠/٣/٣.

قانع عەبدوڵا حەمەد (خەڵکی شاری کەرکوکە و دوازدە ساڵ دەبێت لە کۆیە ژیان بەسەر دەبات)، کاسب، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٠/٢/٢٠.

کارزان ناسیح عەبدواحید (خەڵکی شاری قەڵادزێیە و نۆ ساڵ دەبێت لە کۆیە ژیان بەسەر دەبات)، کاسب، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٠/٣/٩.

کامەڕان محەمەد جلال (خەڵکی شاری کەرکوکە و هەشت ساڵ دەبێت لە کۆیە ژیان بەسەر دەبات) ، مامۆستا لە زانکۆی کۆیە، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٠/٣/٥.

کەیفی ئەحمەد (خەڵکی سنوری باکوری ڕۆژهەڵاتی کۆیە(گوندی کۆدەڵە)ی سەر بە ناحیەی سکتانە و سی ساڵ زیاترە لە کۆیە ژیان بەسەر دەبات) ، مامۆستا لە زانکۆی کۆیە، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٠/٤/٣.

نێچیرڤان خێرەدین عەبدولهادی (خەڵکی گوندی ئیسماوا سەر بە ناحیەی ڕۆڤیا قەزای بەردەڕەش پارێزگای دهۆك، حەوت ساڵە لە کۆیە ژیان بەسەردەبات) ، فەرمانبەر لە زانکۆی کۆیە، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٠/١/٢٥.

هاوژین سلێوە عیسا، مامۆستای زانکۆ، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٠/١/١٥ .

هونەر ئەسوەد (خەڵکی سنوری ڕۆژهەڵاتی دەشتی کۆیە(گوندی بۆگد)ە و سێزدە ساڵ زیاترە لە کۆیە ژیان بەسەر دەبات)، مامۆستا لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کۆیە، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٠/١/١٣.

## التناوب اللغوي بين لهيجات الكوردية الوسطي في مدينة كؤية

**الملخص:**

هڑا البحپ عنوانه (التناوب اللغوى بين لهيجات الكورديه الوسگى فى مدينه كۆيه)، يعود سبب اختيار هڑا البحپ إلى أن هڑا العنوان والموچوع عمل حديپ، والدراسات علبه قليله، نريد أن نوچع هڑه القاهره، أى هدفنا فى هڑا البحپ عرچ هڑه التناوب اللغويه التى تحدپ بين لهجه كۆيه و اللهجات الكورديه الوسگى الٓخرى، وسبب الموقع الجغرافى لمدينه كۆيه نشر بوچوح هڑه القاهره.

ومنهجنا فى البحپ هو المنهج الوصفى التحليلى، وعدتنا فى البحپ هى الكلمات والمصگلحات والجمل المستعمله من قبل متحدپى المنگقه، محتوى البحپ متكون من مقدمه و پلاپه فصول، فى الفصل الٓول تحدپنا عن اللغه واللهجه، مصگلح وتعريف اللهجه، مصگلح وتعريف وأنواع التناوب، واللهجات الكورديه، مصگلح وتعريف وأنواع التناوب، وخصصنا الفصل الپانى لمسأله لماڑا أخڑت مدينه كۆيه كنموڑج، وأوچحنا أيچا اسباب هڑا التناوب بين لهجات منگقه البحپ . فى الفصل الپالپ جئنا بأمپله عمليه وأوچحنا عليها التناوب اللغوى للهجات فى مستويات الصوت والصرف والمعجم والنحو، فى الختام عرچ النتائج و قائمه المصادر.

**الكلمات الدالة:** اللغه ، اللهجه ، اللكنه، التناوب اللغوى للهجات ، أنواع التناوب.

## The Contact Between Dialects of Mid - Kirmanji Accent in Koya City

**Abstract:**

The title of this research is (the contact between dialects of mid - Kirmanji accent in Koya City). The reason behind selecting this research is that this subject and the title are new; there are few researches on this topic. In this research, we want to explain this linguistic phenomenon; the purpose is to explain these contacts that takes place between the dialect of Koya City and other mid - Kirmanji dialects. This linguistic phenomenon is apparent in Koya due to the geographical location of the city. Our research method is analytical and descriptive. The martials of our research are words, expressions and sentences spoken by people in the research area. The content of this research comprises of an introduction and three parts. In the first part, we talk about language, dialect, concepts and definition of dialect, Kurdish accents, the concepts, definitions and the types of contact. The second part is about the reason we chose Koya as an example. Also, we clarify the reason led to the contact between the dialects in the research area. In the third part, we give examples practically and present the contact of the dialects within the context of these examples, in the fields of syntax, phonology, morphology and dictionary. This research ends with conclusions and the list of references.

**Keywords:** language, dialect, accent, contact of dialects, types of contact.